بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە

دەورەی تازە

# ئۆکتۆبەر

142
10 ی تشرینی یەکەم/ ئۆکتۆبەری 2026



## عێراقی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا!

عوسمانی حاجی مارف

بۆ لاپەڕە ٣



## جەنابان: بارزانی و تاڵەبانی! وەڵامی پرسیار و بێدادی خەڵک بدەنەوە!

ڕێبوار ئەحمەد

بۆ لاپەڕە ٥



موحسین کەریم

## تەنـــها بــژاردەتــان گــیـرفـانــی خەڵک بوو!؟

عەلی زەیدی سەرۆک وەزیرانی عێراق، بەپێی بڕیارێک، نرخی دیناری بەرامبەر بە دۆلار بەرێژەیەکی بەرچاو دابەزاند. نرخی رەسمی ١٠٠ دۆلار لە١٣٢،٠٠٠ دینارەوە بۆ١٥٢،٠٠٠ دینار بەرزکرایەوە. بێگومان نرخی گۆڕینەوە لە بازاردا هەمیشە بەنزیکەیی لە نێوان ١٠،٠٠٠ تا ٢٠،٠٠٠ دینار لە سەروو نرخی حکومیەوە جێگیردەبێت بەپێی ڕێژەی خستنەڕووی دۆلار لەلایەن بانکی ناوەندی عێراقەوە..

ئەم داشکاندنەی نرخی دینار بەرامبەر بە دۆلار، بۆ عێراق کە زۆربەی کاڵا پیویستیەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵک لە دەرەوەی وولاتەوە هاوردە دەکرێن و نرخەکانیان بە دۆلارە، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر توانای کڕینی خەڵکی کەمدەرامەت لە کرێکاران و کارمەندان و مامۆستایان و خانەنشینان و خاوەن پێداویستی تایبەت و... تویێژە زەحمەتکێشەکانی دیکە دەبێت و ژیانیان ڕووبەرووی سەختی و ناهەمواری دەکاتەوە. نرخی خواردەمەنی، کاڵا پێوستەکان، داوودەرمان، خەستەخانەو چارەسەری پزیشکی و تاد. هەموویان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرزدەبنەوە و دەرفەتی دەستخستنیان لەلایەن هاوڵاتیانی کەمدەرامەتەوە یەجگار سەخت و دژوار دەبێت! سەڕای ئەوە بەشێک لە قیستەکانی خانووبەرە و پێداویستیەکانی ناوماڵ کە موچەخۆران بە قیست دەیانکڕن و ... تاد. لانی کەم لە هەرێمی کوردستان بە دۆلار دەخەمڵێنرێن و دەبێت هاوڵاتی بە دۆلار پارەکانیان بدات. بەمجۆرە

بۆ لاپەڕە ٢

بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان سەبارەت بە:

## پێویستی خەبات بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی بنەماڵە!

.... لاپەڕە ٨ ........

* گرانی و قەیرانی بژێوی لە سایەی سەرمایەداریی حیزبی و بنەماڵەییدا
توانا محەمەد نوری... لاپەڕە ١٠

* تەنگەژەی ئابوری عێراق!
عوسمانی حاجی مارف...لاپەڕە ١١

* قەیرانی حکومەتی فەرەنسا و ناڕەزایەتییەکانی قوتابیان!
نوری بەشیر......لاپەڕە ١٣

* دەربارەی کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا!
نووسینی: عەبدوڵا مەحمود....لاپەڕە ١٥

بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حزب سەبارەت بە دۆخی سیاسی کوردستان ...... لاپەڕە ١٨.....

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!

# درێژەی.......تەنها بژاردەتان گیرفانی خەڵک بوو!؟

بارگرانیەکی لەرادەبەدەر بۆسەر شانی هاوڵاتیانی کەمدەرامەت و کرێچی و ئەوانە دروست دەبێت کە بەهەزار دەردیسەرو چنگەکرێ دەیانەوێ کەلوپەلی ناوماڵەکانیان و سەرپەنایەک بۆخۆیان پێکەوەبنێن. ئەم داشکاندنەی دینار شەرێکی دەستەویەخەو راستەوخۆی حکومەتە بۆرژواییەکەی عەلی زەیدیە لەگەڵ کرێکاران و مامۆستایان و خانەنشینیان و سەرجەم توێژە کەمدەراتەکانی کۆمەڵگای عێراق و کوردستاندا کە مووچەو داهاتەکانیان بە دینارەو مووچەکانیشیان بۆ چەندین ساڵە سەرکراوەو لەگەڵ هەڵاوسان و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان و بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار بەرامبەر بە دینار بەرزناکرێتەوە!.

عەلی زەیدی بەرامبەر بەو نارەزاییەتیە فراوانەی کە رووبەرووی بڕیارە دژ ە خەڵکیەکەی بۆتەوە، تەنانەت دەنگی نارەزایەتی خەڵک لەناو ساڵۆنەکانی پەرلەمانە بۆرژواییەکشیاندا زرنگاندنەوەی هەبووە، رایگەیاند کە تەنها سێ بژاردەی هەبووە، کە گوایە هەموویان لەزیانی خەڵک دەشکانەوە؛ یەکەمیان دانی مووچە بە ٤٥ رۆژێک جارێک، واتە تەنها دانی ٨ مووچە لە ساڵێکدا، دووەمیان پاشەکەوتی مووچە، واتە لێبڕین و کەمکردنەوەی مووچەی مووچەخۆران (وەکو ئەوەی کە حکومەتی هەرێم بۆ چەندین ساڵ بەرامبەر بە مووچەخۆرانی هەرێم بەرێوەی برد.) سێیەم؛ دەستبردن بۆ قەرزکردن بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجە!

عەلی زەیدی کە لەسەرەتای دەستبەکاربوونیەوە هاژوهوژێکی گەورەی بەرپاکرد بۆ راگەیاندنی جەنگ بەرامبەر بە گەندەڵکاران و گێرانەوەی پارە دزراوەکانی خەڵک. وەکو سیناریۆیەکی ئامادەش بۆ عامەپەسەندکردنی خۆی و حکومەتەکەی و سیاسەتە بۆرژواییەکانی دەربارەی سەندنەوەی هەموو ئەو دەسکەوتانەی کە خەڵکی عێراق بەدەستیان هێنابوو لە ساڵەکانی رابردودا، بەناوی کۆتاییهێنان بە عەقلیەتی ئیشتراکی، دەستی برد بۆ گرتن و زیندانیکردنی چەند سەرێکی بچووکی گەندەڵی و تاڵانی، بەڵام هەرزوو بەرامبەر بە سەرە گەورەکانی دزی و گەندەڵی و تاڵانی، کەوتە ساتوسەودا و بگرە پاکانەکردنی پەرێزیان، لەبەرئەوەی خۆی لە دامێنی ئەواندا داکەوتووە ئەو سامانە خەیاڵیەی کۆیکردۆتەوە، بەرهەمی ئەو دۆخەیە کە ئەوان بۆیان سازکردووە هاوبەش و شەریکە کۆمپانیای ئەوانە. بۆیە وەکو هەر سەرکردەیەکی بۆرژوازی، بۆچارەسەری ئەو کورتهێنانەی لە میزانیەی عێراقدا دروست بووە، بەهۆی گرفتی فرۆشتنی نەوت و کەمبونەوەی داهاتی حکومەت و هەروەها ئەو هەموو تاڵانیەی لەلایەن سەرانی میلیشیاکانی دۆستی زەیدیەوە کراوەو خەزێنەی دەوڵەتی عێراقی بەتاڵ کردۆتەوە، ئەویش رووی هێرش و پەلامارەکەی بۆسەر سفرەی خاڵی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی عێراق وکوردستان وەرگێراوە. لەجیاتی گێرانەوەی ئەو سەدان ملیار دۆلارە دزراوەی کە بەڵێنی دا بیانگێرێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت، دەستی لە گەرووی هاوڵاتیانی برسیکراو و تاڵانکراوی عێراق و کوردستان گیرکردوە! عەلی زەیدی بژاردەی زۆری لەبەردەمدایە کە دەیتوانی خەزێنەی دەولەتی عێراق پڕبکاتەوە، بەڵام ئەو دەست بۆ سامانی بەدزی کەڵەکراوی هاوچینەکانی نابات، چونکە خۆشی بەهەمانشێوەی ئەوان سامانی خەیاڵی پێکەوە ناوە و هاوکات نوێنەری سیاسی و پارێزەری بەرژەوەندیەکانی ئەوانە.

بەڵام خەڵکی عێراق و کوردستان نابێ رێگا بدەین ئەم پیلانی هەژارکردن و برسیکردنەمان سەربگرێت. دەبێ بەشێوەیەکی جدی و لەسەر ئاستی هەموو عێراق و کوردستان دژی ئەم سیاسەتە دژی مرۆیی و درندانەیە بوەستینەوە. رێگای چارەسەری کورتهێنانی بودجە، دەستکردن بە گیرفانی خاڵی ئێمەو رفاندنی پارووی دەمی خۆمان و منداڵەکانمان نیە، رێگاچارە دەستبەسەراگرتن و گێرانەوەی ئەو سەدان ملیار دۆلارەیە کە چەندین ساڵە لەلایەن سەرانی میلیشیا دەسەڵاتدارەکانی عێراق و کوردستانەوە لە داهاتی وولات بە تاڵانی دەبرێت، رێگاچارە کەمکردنەوەی مووچەو نەسریەی خەیاڵی وەزیرەکان و بەرپرسانی باڵای حکومەت و ئەندام پەرلەمانەکانە، رێگاچارە دانانی باجی زۆرە لەسەر دەولەمەندان و خاوەن کۆمپانیا ملیاردێرو ملیۆنەرەکانی دۆست و نزیکی سەرانی دەسەڵاتە.رێگاچارە بەرگرتنە بە تاڵانی و دزی ناو دامەزراوە حکومیەکان کە بەناوی پرۆژەی وەهمیەوە دەیان ملیۆن دۆلار لووش دەدرێت و هیچ ئاسەوارێک لە پرۆژە دیار نیەو... تاد.

★

ئۆکتۆبەر بڵاوکراوەی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستانە

سەرنوسەر : موحسن کەریم

ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!

بۆ پەیوەندیگرتن: ڤایبەر و واتس ئەپ و مۆبایل: 0044(0)7394013135

ئیمێڵ: Muhsin_km@yahoo.com

ماڵپەڕی ئۆکتۆبەر: https://octobernewspaper.net/ku/

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک: https://www.facebook.com/profile.php?id=100077197332210

# عێراقی دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا!

## عوسمانی حاجی مارف

پێشتر پێشبینی ئەوە دەکرا بە ڕۆیشتنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، دەتوانێت بوارێکی زیاتر بە ئێران بدات بۆ چەسپاندنی نفوزی خۆی لە عێراقدا، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کاریگەریە سیاسی و ئەمنیە بەرفراوانەی کە هێزە میلیشیاکانی سەربە ئێران بەکاریان هێناوە، بەڵام ئەو پرسیارە دەکرێت لە دۆخی ئێستای ئێران، ئایا ئێران ئەو بوارەی بۆ دەرەخسێت؟.

لایەنەکانی سەر بە ئێران، هەوڵدەدەن کەڵک لە کشانەوەکە وەربگرن، بۆ بەدەستهێنانی کاریگەری زیاتر لەوانە، بڕیاردانی ئەمنی، سیاسی، دەخالەتی ڕاستەوخۆیان لە دەسەڵاتی سیاسیدا، وە تاران خۆی ئەو کشانەوەیە بە هەنگاوێک دەبینێت، بەرەو ئامانجە فراوانترەکەی کە دوورخستنەوەی هێزەکانی ئەمریکایە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەر بۆیە ئێران پێشوازی لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق دەکات و پشتیوانی دەکات.

هێزەکانی باڵادەست لە شیعەکانی عێراق دەیانەوێت سەروەری تەواویان هەبێت، بەڵام لە هەمانکاتدا هەندێکیان نیگەرانی خۆیان دەربڕین سەبارەت بە ئەگەری سەرهەڵدانی بۆشایی ئەمنی دوای ڕۆیشتنی ئەمریکا، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا هێزەکانی عێراق پشتیان بە تواناکانی هاوپەیمانی بەستووە لە بوارەکانی وەک هەواڵگری، پاڵپشتی لۆجستی، چاودێری و سیخوری. ئایا "داعش" لە ئێستادا دەتوانێت ئەو بۆشاییە بقۆزێتەوە؟ بەرپرسانی ئەمنی عێراقی و بەتایبەتی هێزە کوردیەکان ئەو ترسە ڕادەگەیەنن کە ئەگەری ئەوە هەیە داعش هەر لاوازیەک بقۆزێتەوە کە لەدوای کۆتاییهاتنی بوونی سەربازی هاوپەیمانان سەرهەڵدەدات، لەلایەکی تریشەوە زۆربەی لایەنە شیعەکان کشانەوەی ئەمریکا بە سەرکەوتنێکی مێژوویی بۆ کوتلە چەکدارەکانی هاوپەیمانان لەگەڵ ئێران وەسف دەکەن.

لە هەمانکاتدا لە نێو هێزە کوردیەکاندا، بارزانی زیاتر لە هەموو لایەک نیگەرانترە لەو دۆخە و بەرەسمی مەترسی خۆی ڕاگەیاندووە؛ نەبوونی پاڵپشتی ئەمریکا لە بواری هەواڵگری و لۆجستی و فرۆکەی بێفڕۆکەواندا دەتوانێت دەرفەتێک بە داعش بدات بۆ ئەوەی دووبارە خۆی ڕێکخاتەوە!.

لەگەڵ دارمانی ئابووری و سیستەمێکی سیاسی پڕ لە گەندەڵی عێراق و دۆخی نالەباری ئێراندا، ئایا حکومەتی عێراق دەتوانێت بە جددی بیر لە کاریگەریەکانی کۆتاییهێنان بە بوونی هێزەکانی ئەمریکا بکاتەوە؟، ئایا پەیوەندیە سیاسی و ئابوری و ئەمنیەکانی نێوان بەغدا و واشنتۆن بە شێوەی جۆراوجۆر بەردەوام دەبێت؟، لە کاتێکدا ئێران و هاوپەیمانەکانی هەوڵی چەسپاندنی پێگەی خۆیان دەدەن لەم قۆناغە نوێیەدا.

سروشتی قۆناغی داهاتوو، تارادەیەکی زۆر بەندە بە توانای دامودەزگاکانی عێراقەوە، بۆ پڕکردنەوەی هەر بۆشاییەکی ئەمنی و سیاسی، تا چەند بەغدا سەرکەوتوو دەبێت لە پاراستنی بڕیاردانی ناوخۆیی خۆی لە نێوان ململانێیەکی ناوچەیدا کە بەرووی چەندین ئەگەردا کراوەیە، بەڵام ئەوەش ڕۆشنە کە حکومەتی تائیفی بۆ خۆی بەشێکی سەرەکیە لە هۆکاری نائەمنی و ناجێگیری سیاسی.

دوای ئەوەی لە کاتی خۆیدا پەرلەمانی عێراق دەنگیدا بە دەرکردنی هێزەکانی ئەمریکا، ئیدارەی ترەمپ هەڕەشەی لە عێراق کرد بە "گەمارۆیەکی بێوێنە". هەروەها یاسای گەمارۆکان کۆمپانیا و دامودەزگا ئەمریکییەکان سەرمایەگوزاری لە عێراق قەدەغە دەکات و ناهێڵێت عێراق قەرزە دەرەکیەکانی کەمبکاتەوە. دەرەنجام ئەو سزایانەی ئەمریکا لە دوای دەنگدانی پەرلەمانی عێراق سەپێنراون، ناسەقامگیری گەورەتر دەکەن و هەر هەوڵێک بۆ باشترکردنی ژێرخانی ئابووری و ڕاکێشانی وەبەرهێنان دەخاتە مەترسیەوە، بەمانایەک عێراق لە هێژمونی ئەمریکا ڕزگاری نابێت.

کشانەوەی تەواوەتی ئەمەریکا تارادەیەک پێگەی شیعەکان لە عێراق بەهێز دەکات، لەلایەک زیاتر ملکەچکردنی پێکهاتەی سوننەیە بۆ حکومەتی ئێستای عێراق، لەلایەکی تریشەوە ئەگەری تێکدانی پەیوەندی حکومەتی هەرێم و بەغدای لێدەکەوێتەوە، لەڕاستیدا مەترسی بارزانیش هەر لەو چوارچێوەیەدایە، نەک بە کشانەوەی ئەمریکا مەترسی گەڕانەوەی داعش ڕوەدات، لە هەمان کاتدا ئەجێندای فراوانخوازی ئێران لە عێراقدا مەترسیەکی ترە بۆ دەورو پێگەی بارزانی لە عێراق و ناوچەکەدا.

هەرچۆن بونی ئەمریکا لە عێراقدا سەرچاوەی ناسەقامگیری و گێژاوی سیاسی و کارەسات بووە، لە هەماکاتدا کۆتاییهێنان بە بونیشی و مانەوەی هێزی بنماڵە و تائیفی لەدەسەڵاتدا، نەک گەرەنتی ئاسایش و سەقامگیری وڵات ناکات، بەڵکو ئەگەری شەڕ و دۆخێکی نالەبارترە، ئەمریکا بۆ خۆی

پشتیوانی و دامەزرێنەری بەڵای حکومەتی بنەماڵە و تائیفی بوو، ئێستاش ئەو بەڵایە بەسەر خەڵکیدا جێدەهێڵێت.
حزبەکانی کوردایەتی پشتیوانی لە بوونی سەربازی ئەمریکا دەکەن، چونکە لە واقعد کشانەوەی ئەمریکا دەتوانێت پێگەی ئەوان لاواز بکات، بە سەرنجدان بە دابەشبونی بنەماڵە و تائیفی لە دەسەڵاتی سیاسی هەولێر و بەغداد و ململانێی بەردەوامیان، لەلایەکی ترەوە بنبەستی بزوتنەوەی کوردایەتی، لە پەیوەند بە ئاڵوگۆڕی سیاسی و هاوسەنگی هێزەکان لە ناوچەکەدا، لایەنە کوردیەکان کەوتونەتە بەر دۆخێکی وەها شێواو، کەبۆ خۆشیان نازانن چارەنوسیان چی بەسەردێت.
ئەوانەی کشانەوەی ئەمەریکا وەک کارەساتێکی گەورە بۆ دۆخی عێراق لە هەموو ڕوویەکەوە دەبینن و لێکدەدەنەوە، تەنها لە پەیوەند بە ئەمریکاوە ئایندەی خۆیان دەبینن، چونکە بەبێ ئەمریکا هیچ نین!. کشانەوەی ئەمریکا دەیانلەرزێنێت، لە نیگەرانیاندا هەر ساتە گوتارێک ئەدەن و خۆیان وندەکەن.
ئەمریکا هێزێکی سەربازی و ئابووری و تەکنەلۆژی و پیشەسازییە، کاریگەری واشنتۆن لە عێراقدا تەنها لەسەر بنەمای داگیرکاری نیە، لە پەیوەند بە ململانێی ڕکابەرەکانیەتی لە ئاستی وڵاتانی زلهێزی دنیا، ئەگەر بیەوێت عێراق ناچار دەکات هەڵوێستێکی دیاریکراو بگرێتەبەر یان ڕێگری دەکات لە پەیرەوکردنی سیاسەتێکی دیاریکراو، خاوەنی چەندین ئامرازە، لە پێش هەموویان ئامرازی ئابووری برینی دابینکردنی دۆلار و ڕاگرتنی داهاتی نەوتە، ئەمریکا هێزەکانی دەکشێنێتەوە بەڵام هەژمونی ئابوری و سیاسی دەمێنێت، کاتێک بلۆکە شیعەکان دەیانویست دیاری بکەن کە نوری مالیکی ببێتەوە بە سەرۆک وەزیران، بەڵام ترەمپ لە تویتێکدا نوسیبوی مالکی هەڵبژاردەیەکی خراپە و یارمەتی پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو وڵات ناکات، بەو شێوەیە مالکی وەلانرا، سەرکردایەتی عێراق درکیان بەوە کرد کە پێداگری لەسەر مالکی بە مانای دابەزینی ئابووری و نائەمنی بۆ وڵاتەکە دێت، هەربۆیە چوارچێوەی هەماهەنگی هەڵبژاردەیەکی تری دیاریکرد بۆ سەرەک وەزیران.
گەورەترین پێشبینی و مەترسی سەبارەت بە کشانەوەکە، لەلایەن هێزە کوردیەکانەوە لە هەرێم، لەسەر نیازی نەرێنی و ئامانجی کوتلە باڵادەستەکانی عێراقی دەسەڵاتدارە، بەرامبەر بە هەرێم و قەوارە ئیدارییە یاساییەکەی.
ئاسمانی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا لەلایەن بنکە سەربازیەکانی ئەمریکاوە پارێزراو نەبووە، لە هەموو لایەکەوە بە مووشەک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان بۆردومان کراوە، بەرگریە ئاسمانیەکانی ئەمریکا لە هەولێر، تەنیا بەرگریان لە ناوچەی دەوروبەری سەربازە ئەمریکیەکان دەکرد لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و کونسوڵخانەی ئەمریکا، لەکاتێکدا باقی ناوچەکە بەڕووی مووشەکدا کراوە بوو، ئەمەش بەو مانایەیە کە ئایا کشانەوەی ئەمریکا کاریگەری لەسەر پاراستنی ئاسمانی هەرێم دەبێت؟، نەبوونی هێزی ئەمریکی بۆشایی ئەمنی لە عێراقدا بەجێدەهێڵێت؟، گەر بەجێی دەهێڵێت ئایا عێراق ڕێگە بە ئێران دەدات ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوە؟، وەک هەندێک لایەن بیری لێدەکەنەوە، بەتایبەتی دۆخی سیاسی ئێران بە هۆی شەڕەوە ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە.
ئێستا دۆخەکە بە ڕوونی جیاوازە، بارودۆخی عێراق لە ڕووی هاوسەنگی هێزەوە لایەنەکان لەسەر ڕێگای دارمان یان لاوازبووندان، ئەو هێزانەی کە ئێران پشتی پێبەستبوو بۆ سەپاندنی سیاسەتەکانی بە زەبری هێز، ئێستا ناتوانن هەمو شتێک بۆ ئێران بکەن.
عێراق لە ساتێکی هەستیار و گرنگ نزیک دەبێتەوە لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمەریکادا، کە هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا عێراق جێدەهێڵن، توانای بەغدا بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی ئەمنی و سیاسی و ململانێکانیان ئاڵۆز دەردەکەون، بەتایبەتی پاشماوەیەک لە هێزەکانی عێراق و کوردستان کە لە دەسەڵاتدان، لە پێکهاتەی تائیفی و بنامەڵەییە، هەر لایەنێکیان بەرژەوەندیە ئابوری و سیاسیەکانی خۆیان بە بنەما وەردەگرێت، گەر تارادەیەک لە سایەی ئەمریکادا کێشە و ململانێکانیان ڕاگرتبێت، بەڵام دوای کشانەوەی ئەمریکا هاوسەنگی هێزەکان زیاتر دەوری دەبێت لە هەر شێواوی و بارگرژیەک، گەرەنتی پاراستنی پەیوەندیەکان بە زەحمەت دابین دەکرێت، لە ئێستاوە بارزانی ئەوەی ڕاگەیاندووە کە هێزی ئەوەندەی هەیە کە بتوانێ بەرەنگاری هەر هێرشێک ببێتەوە، گرنگ نیە چەندە ئەم گوتارە ڕاستە یان نا، بەڵکو مانای ئەوەیە ئاسایشی پەیوەندی بەغدا و هەولێر هیچ گەرەنتیەکی نیە.!
کێشەکە بۆ خەڵکی عێراق و کوردستان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا نیە، کێشەکە ئەو هێزە بنەماڵە و تائیفیە میلیشیایانەیە کە ئەمریکا عێراقیان ڕادەست دەکات، بنەماڵەکان و تائیفیەکان هەر ساتێک گرفت و کێشەیان بۆ پێشدێت کارەسات دەخولقێنن، ژیان و گوزەرانی خەڵکی وێران دەکەن، قوربانی زۆری لێدەکەوێتەوە، درێژە بە نائارامی و نائاسودەیی دەدەن، بۆیە ئەرکی هەموو لایەکمانە بە دەوری هاتنە مەیدانی جەماوەری نارازی عێراق و کوردستان، هەوڵی جدی بخەینە گەڕ بۆ کۆتایی بە دەسەڵاتی بنەماڵە و تائیفی، لە جێگەیدا دەورو دەخالەتی ڕاستەخۆی خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسیدا بەسەرکەوتن بگەیەنین.

★

# جەنابان: بارزانی و تاڵەبانی! وەڵامی پرسیار و بێدادی خەڵک بدەنەوە!

ڕێبوار ئەحمەد

جەنابان! ئێوە خۆتان باش دەزانن کە خەڵکی کوردستانتان لە چ دۆخێکی کارەساتباردا گرفتار کردوە. ئەمە هەر ئێستا نیە، ٣٥ ساڵە ئێوە دەسەڵاتداری ئەم کۆمەڵگایەن، چ لە دەورانی کێشە و ناکۆکی و شەڕ و کوشتاری ناوخۆتان لەسەر دەسەڵات و داهات، چ لەو ڕۆژگارەی بە تەبایی و هاوبەشی و تەنانەت لەسەر بنەمای ڕێککەوتنامەی ستراتیژی پێکەوە حوکمڕانیتان کردوە، ڕەنگە ڕۆژگارێک لە ڕۆژگارێکی تری ئەو هەموو ساڵە زۆر تاڵتر و ستەمکارانەتر بوبێت، بەڵام تەنانەت یەک ڕۆژی خۆش و ئاسودەتان نیشانی خەڵک نەداوە. بۆ یەک ڕۆژیش لە بیری ئەوەدا نەبون و لەو ئاراستەیەدا کارتان نەکردوە کە ژیانێکی بەختەوەر و ئازاد بۆ خەڵک دەستەبەر بکەن. یەکجاریش نە شەڕ و نە ئاشتیتان لەسەر کێشەی خەڵک و چارەسەری ئەو هەموو دەرد و بەڵایە نەبوە و نیە کە بۆ خەڵکتان دروستکردوە. هەردو دیوی ئەم پەیوەندیە پەیوەست بوە بە بەرژەوەندی تەسکی خۆتان و بنەماڵەکانتان و حزبەکانتان و ئەوانەی لەگەڵتان هاوبەشن و لەپەراوێزی دەسەڵاتی ئێوەدا دەخۆن.

ئایا یەکجار کۆبونەوەکانتان لەسەر ئەوە بە بنبەست گەیشتوە، کە لایەکتان پێداگری لەسەر ئازادی سیاسی و بەشداری خەڵک لە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی کردبێت؟ئایا یەکجار کێشەکەتان لەسەر جڵەوکردنی کۆنەپەرستانی ئیسلامی دەستسازی دەوڵەتانی کۆنەپەرستی ناوچەکە و دابونەریتی دواکەوتوانە بوە؟ئایا یەکجار کێشەکەتان لەسەر ئەوەبوە کە لایەکتان جەختی کردبێت لەسەر دابینکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و خوێندن و ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و ..بۆ خەڵک ؟ئایا یەکجار کێشەکەتان لەسەر مسۆگەرکردنی موچە و دانەوەی موچە دزراوەکانی خەڵک بووە؟ ئایا کێشەکەتان لەسەر زیادکردنی موچە و بەرزکردنەوەی کرێی کرێکار و مامۆستا و کارمەند بوە؟ ئایا کێشەکەتان لەسەر لابردنی ئەو هەموو سەرانە و باج و گومرکانە بوە کە بەسەر خەڵکتاندا سەپاندوە؟ ئایا کێشەکەتان لەسەر دابینکردنی لانی کەمی گوزەران و دەرهێنانی خەڵک بوە لەو کابوسستانەی خۆتان بەرپاتان کردوە؟ئەگەر کێشە و ناکۆکیتان لەسەر ئەمانە بوایە، تەنانەت ئەگەر لەسەر ئەمانە شەڕیشتان ببوایە، خەڵک دەیزانی لەسەر ژیان و چارەنوسی ئەوان شەڕ و کێشەتانە و تۆزقاڵیکیش بێت حەقیان دەدا بەلایەکتان. بەڵام نە شەڕ و نە ئاشتی ئێوە نەک لەسەر هیچ یەک لەمانە نیە، خراپتر لەوەش هەردولاتان لەسەر قوڵکردنەوەی ئەم هەموو بەڵا و نەهامەتیە پێشبرکێ دەکەن و پاشانیش ئاکامی کێشە و ناکۆکیەکانتان بەسەر خەڵکدا دەشکێننەوە. لە نێوان دوو زۆندا خەڵکتان یەخسیر کردوە،کە تەنها یەکێک لە ئاکامەکانی بریتیە لە دوجار باج و سەرانە و گومرک و هەراسانکردنی خەڵک. هەموو خەڵکی کوردستان ئەو ڕاستیە زەقە دەزانن کە ئێوە لەسەر هەر شتێک ناکۆک بن، بەڵام هەمیشە لەسەر ئەوە کۆک و تەبان کە ئازادی لە خەڵک حەرام بکەن، گەمارۆی ژیانی ئابوری خەڵک بدەن، گیرفانی خەڵک داتەکێنن، هەموو پیداویستیە هەرە حەیاتی و ڕۆژانەکانی خەڵک لە بابەتی ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و دکتۆر و دەرمان و خانوبەرە و هەموشت، هەواڵەی ئەو بازاڕی ڕەشە بکەن کە لەسەداسەد هەرلەلایەن خۆتان و کۆمپانیاکانی سەربەخۆتانەوە قۆرخ کراوە. ئێوە هەردولاتان بە تەواوی لەسەر ئەوە کۆک و تەبان کە جۆرەها باج و سەرانە و تەنانەت وەکو سەردەمی دەرەبەگایەتی بە مەنتقی "ئاغا لەسەر پشت و جوتیار لەسەر مشت"بە زۆرەملێ بەشی خۆتان لە هەموو مامەڵە و کاسبیەک بەرن. دواتریش هەموو ئەمانە دەچنەوە سەر نرخی پێداویستیەکان و دەبێ لە گیرفانی ئەو کرێکار و کارمەند و کاسبکارانە دەرچێت کە ئێوە خۆتان کرێ و موچە زۆر بێ بەهاکانیان نادەن، یان دوای دەخەن یان بە ناو پاشەکەوتەوە تالانی دەکەن.

لەو ڕۆژەوە ئێوە هاتوونەسەر کورسی حوکمڕانی هەموو خەڵکی کوردستان دەزانن کە دەسەڵاتەکەتان میلیشیاییە و هەڵبژاردن و پەرلەمان و دەنگی خەڵک، تۆزقاڵێکیش ڕۆڵی نیە لە حوکمڕانیدا. هەنگاو بە هەنگاو تەنانەت دەسەڵاتی میلیشیایی حزبیتان گۆڕی بە دەسەڵاتی ڕەهای بنەماڵە و هەموو دامودەزگاکانی ترتان کرد بە خزمەتکاری ئەم دەسەڵاتە. ئێستا تەنانەت میلیشیاکانیشتان بە تەواوی ئامرازی ڕاستەوخۆی ئەمر و نەهی بنەماڵەن. ئەوەتا هەر بۆشتان

⇦

گرنگ نیە پەرلەمانی کارتۆنی و حکومەتی کارتۆنی وەکو ڕوپۆشی ئەم دەسەڵاتە بنەماڵەییە هەبێت یان نەبێت.

چارەنوسی خەڵکی کوردستتان کردوە بە کالایەکی هەرزان بۆ بەرژەوەندی تەسکی بنەماڵەیی و کەڵەکەی سەروەت و چرکردنەوەی دەسەلاتی بنەماڵە، ڕۆژێک بە جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی و ڕۆژێک بە دەوڵەتی فاشیستی تورکیا و ڕۆژێکی تر بە حوکمی تائیفی لە خۆتان کۆنەپەرستتری بەغدا، یان بە ئەمریکای دەفرۆشن و تەنانەت لە مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی ڕیسوا و فاشیستی نەتنیاهۆش سڵ ناکەنەوە. لە ئاکامی ئەمەشدا، لە پاڵ کابوسی گرانی و نەبونی و بێدەرەتانی هەمەلایەنە و سەرکوتەوە، تەراتێنی میت و ئیتلاعات و موساد و هێرشی درۆن و ساروخیش ئەوەندەی تر خەڵکی هەراسان کردوە. خەڵک نیگەرانی ئەوەیشە کە چی بە دوای ئەم بنبەست و دۆخە چەقبەستوەدا دێت کە ئێوە خوڵقاندوتانە.

بە کورتی ئێوە لەم ٣٥ ساڵەدا هیچ بەلا و کارەسات و نەهامەتیەک نەما بەسەر خەڵکی نەهێنن، هەم شەڕ و هەم ئاشتی و هاوپەیمانیتان هەر نەگبەتی بۆ خەڵک زیاد دەکات. ئەم کۆمەڵگا مودێرن و شارستانیە بە مۆدیلی حوکمڕانی ستەمکار و ڕەها و ناقانونی و ناشەرعی و سەرەنێزەی سەدەکانی ناوەڕاست بەڕێوە دەبەن. لەم کاتەدا خەڵک لە هەموو کۆڕکۆبونەوەیەکی ماڵان و بازاڕ و چاخانە و کۆڕی دانیشتن و لە هەمو جێگایەک، بەسەدان شێوە دەریدەبڕن کە ئێوە هەموو سنورێکی زۆرداریتان تێپەڕاندوە. لەم کاتەدا ئێوە وەڵامتان بۆ ئەم پرسیار و بێدادیانەی خەڵک چیە؟

-کە باسی گەندەڵی و تاڵانی دەکرێت، لە پێش هەمواندا ڕێک مەبەست دو بنەماڵەکەی ئێوەیە نەک خەڵکی تر، پاشان دەستوپێوەندەکاناتان. خەڵک دەزانن کە هەریەک لەم دوو بنەماڵەیە و ئەندامەکانی، خاوەنی دەیان و سەدان ملیارە و تەنانەت گومانی ترلیۆن دۆلارتان لێ دەکەن. ئەمەتان لە کوێ بوو و بە کام کاسبی پەیداتان کرد؟

-ئێوە بە داهاتی بە تالانبراوی خەڵکی بێدەرەتان بۆ هەرکامتان و بۆ هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەتان کۆشکی شاهانە و تەنانەت شاری خەونەکانتان سازکردوە، بە هەموو هۆیە سەرسوڕهێنەرەکانی ژیانی فەرعەونانەوە. بەلام نابینن برسێتی و نەداری خەڵکی پەریشان کردوە و بەشێکی گەورەی خەڵک بە سەختی هەناسە دەدەن؟

-ئێوە نەوت هەم بە فەرمی و هەم بە قاچاخ دەفرۆشن و داهاتەکەی بۆ خۆتان دەبەن. بەم داهاتە شازادە تازە پێگەیشتوەکانتان کە هەر نازانن کار مانای چیە، بونەتە ملیاردێر و پۆز بەسەر خەڵکی برسیدا لێ دەدەن. ئایا ئێوە هیچ باکتان لەم ستەمکاریە و لەوە نیە کە وەکو حکومەت تالانی و تەنانەت قاچاخچێتی بە نەوتی خەڵکەوە دەکەن؟

-بۆچی ئەو دەوڵەتانەی نەوت دەفرۆشن بە داهاتەکەی گەشەپێدان و وەبەرهێنانی زیاتر و بوژانەوەی ئابوری و ئاستێک لە ژیانی خەڵک دابین دەکەن و تەنانەت چاوێکیان لە ژیانی نەوەکانی داهاتووشیانە، بەلام ئێوە چەند نەوەی داهاتوشتان قەرزار کردوە؟ بۆچی نەوتێک کە موڵکی خەڵکە ئێوە دەستتان بەسەردا گرتوە و بە نرخی بازاڕی ڕەش بەو خەڵکەی دەفرۆشنەوە؟

- سیستەمی باج و گومرک، سەرانەیەک نیە کە لە ئەزەلەوە دەسەلات مافی بوبێت لە خەڵکی وەرگرێت. ئەمانە بە مانای وەرگرتنی بەشێک لە قازانجی سەرمایەدار و بازرگان و سەروەتمەندانە لە بری ئەوەی لەسەر خاکی ولات وەبەرهێنان دەکەن، هەروەها وەرگرتنی بەشێکی کەم لە داهاتی خەڵکە، لە بنەڕەتدا بۆ هاوبەشی و هاوکاری هاولاتیانە لە دابینکردنی ئەو پێداویستیە سەرەکیانەی ژیانی ڕۆژانە، کە خەڵک بە تەنیا بەرگەی ناگرێت؛ وەکو دکتۆر و دەرمان و خوێندن و خانوبەرە و بیمە کۆمەڵایەتیەکان و لانی کەم برسی نەبونی کەس. هەروەها بۆ گەشەپێدان و خەرجیە گشتیەکانی کۆمەڵگایە. ئێوە لە هیچ مەیدانێکیدا هیچ بەرپرسیارێتیەک ناگرنە ئەستۆ و هیچ بۆ خەڵک ناکەن. کەوایە بۆچی و لەسەر چ بنەمایەک باج و گومرک لە خەڵک وەردەگرن؟

-بە چ مافێک سەرانەی جۆراوجۆری زۆروزەبەن لە خەڵک دەسەنن؟ بە چ مافێک داوای سەرانەی نیوەی داهاتی هەر پرۆژە و کاسبیەکی سادە و بچوک دەکەن کە خەڵک دەستی بۆ دەبات؟ باجی ئەمەش بە شێوەی گرانبونی نرخی کالاکان خەڵک دەیداتەوە. ئێوە تەنانەت ڕەچاوی یاساکانی سەرمایەداریش ناکەن و بە فۆرمی فیودالی ڕەفتار دەکەن. وەبەرهێنان و بازرگانی و بازاڕتان بە تەواوی قۆرخ کردوە. یان هەموی بۆ خۆتان و دەستوپێوەندەکانتانە یان نیوەی داهاتی کاسبکار بۆ خۆتان دەبەن.

-بە چ مافێک خەستەخانە حکومیەکانی سەردەمی بەعسیشتان پوکاندۆتەوە و نەخۆشە بێچارەکانی ئەم کۆمەڵگایەتان کردوەتە نێچیری نەخۆشخانە ئەهلیەکانی خۆتان و دەستوپێوەندەکانتان؟ بە چ پێوانە و چ ویژدانێک دەتانەوێ کرێکار و خانەنشین و کارمەند بەو کرێ و موچە بێبەهایەی کە ئێوە بەو دەردە بە خەڵکی دەدەن، بە نرخی بازاڕی ڕەش لە نەخۆشخانەکانی ئێوە چارەسەری وەرگرن؟

-بۆچی موڵکی شارەوانی و حکومی بە جۆرەها شێوە دەفرۆشن یان بەبێ هیچ یاسایەکی ڕۆشن و سەردەمیانە، دەیدەن بە کۆمپانیاکانی خۆتان و بە لیشاو داهاتەکەی دەخنە سەر قەلای سەروەتی بنەماڵەکانتان؟

-بۆچی زیاتر لە ٣٠ ساڵ وتتان ناتوانیین و ناکرێت و لە تواناداا نیە کێشەی ئاو و کارەبا چارەسەر بکرێت، بەلام هەر ئەوەندەی ڕێگیەکتان دۆزیەوە کە

چۆن بیکەن بە بیزنسی بنەماڵەکانتان، لە کونفەیەکونێکدا کارەبای ٢٤ سەعاتیتان بە نرخی بازاڕی ڕەش بۆ هەموو کوردستان فەراهەم کرد؟

-بۆچی حکومەت قەرزاری خەڵکە و نایداتەوە، بەڵام ئەگەر خەڵک قەرزاری حکومەت بێت سزای دەدەن و لە تاریکی ڕایدەگرن؟ ئێوە بۆ دەیان موچەی خەڵک قەرزارن نایدەنەوە، بەڵام کە خەڵک بە هۆی نەبونی و هەژاریەکی کەمەرشکێن نەتوانێ قەرزی ئێوە بداتەوە کارەباکەی دەبڕن؟

-بۆچی لە جیاتی چاڵەوکردنی کۆنەپەرستان و بەکرێگیراوانی ئیسلامی و بازرگانانی دین، پێشبڕکێتانە لەسەر برەو پێدانیان؟ بۆچی خەستەخانە و خوێندنگای حکومیتان قڕ کردوە، بەڵام داهاتی بە لێشاو بۆ پەرەدان بەم کۆنەپەرستیە هەڵدەڕێژن؟ بۆ لە جیاتی نەخۆشخانە و قوتابخانە و دایەنگا و پارک، هەر منارەی مزگەوت بەرز دەکەنەوە؟ بۆچی لە هیچ گەرەکێک هیچ بنکەیەکی تەندروستی و دکتۆر و دەرمان و تەنانەت پەرستارێک نیە، بەڵام مزگەوت هەتا بێت زیاد دەکات؟ بۆچی کە ستییەک دروست دەکرێت مەرجی ئەوەتان هەیە مزگەوتی تیابێت بەڵام مەرجی ئەوەتان نیە بنکەی تەندروستی تیابێت؟ بۆچی مەلا و شێخی تەریقەت و ڕەوواجپێدەرانی ئەم نەریتە و مشەخۆرەکانی ستایش و گیرفان پڕدەکەن، بەڵام دکتۆر و پەرستار و مامۆستای ئامادەبەکار و تەنانەت خۆبەخشەکانیش بێکار و بێ داهات ماونەتەوە؟هۆکارەکەی ئەوەیە دەتانەوێ مێشکی ئەو خەڵکە کۆنترۆڵ بکەن کە سکیتان برسی و بەتاڵ کردوە. بە زیادکردنی مزگەوت لە پاڵ مزگەوت دەتانەوێ خەڵک لە جیاتی ئەوەی بێتە سەرشەقام و نارەزایەتی دژی ستەمکاریتان دەربڕێ، بڕوات لە مزگەوت شوکری ئەو نەگبەتیە بکات کە ئێوە بە ناوی خواوە سەپاندوتانە.

-بۆچی هیچ بیرێک لە چارەسەری ئەم بێکاریە فراوانە ناکەنەوە؟ لێشاوێک لە لاوان کە زۆربەیان تەنانەت خوێندنیان تەواوکردوە، بەڵام کارێک پەیدا ناکەن کە نانێکی سادە و خەرجی گیرفان مسۆگەر بکات، بۆیە لە ڕێگای هات ونەهاتی هەندەران دەبنە خۆراکی ئاژەڵەکانی دەریا. کۆمەڵگا پێویستی بە هەزارویەک پێویستی ژیانی ڕۆژانە و خزمەتگوزاری هەیە، خەڵکێکی زۆریش ئامادەبەکارن بۆ بەرهەمهێنان و دابینکردنی ئەوانە. بۆ بەم هەموو داهاتە وەبەرهێنان ناکەن،تاوەکو هەم خەڵک کاری دەسکەوێ وهەم ژێرخانی ئابوری ببوژێتەوە. ئێوە کەی لە تالانکردنی داهات و سەروەت و سامانی کۆمەڵگا تێر دەخۆن؟ بۆچی هەموو کار و بەرهەمهێنان و ژیانی خەڵکتان سپاردوە بەو بازارە ڕەشەی کە هەر خۆتان قۆرختان کردوە؟

-بۆچی لە سایەی ئەم کابوسستانەی بۆ خەڵکتان خوڵقاندوە، ئەگەر مامۆستا بۆ موچە نارەزایەتی دەبڕی، لەسەر شەقام بەرشەقی دەدەن؟ خەڵکی پێنجوین لەدژی ئەوەی کارەباشتان کردوە بە بیزنس نارەزایەتی دەربڕن، بە میلیشیا سەرکوتیان دەکەن؟ بۆچی خەڵک مافی دەربڕینی نارەزایەتیشی نیە؟ بۆ گوێ لە ناڵە و بێدادی خەڵک ناگرن؟ بۆ بە شەق و چەک وەڵامی داخوازیە سادەکانیان دەدەنەوە؟

-بۆچی ئازادی سیاسی سەرکوت دەکەن؟ بۆچی سەردەشت و سۆران و کاوە و ویداد و نەزیر و سەدان ڕۆژنامەنوس و هەڵسوراوی سیاسیتان تیرۆرکرد؟ بۆچی لەسەر وشە خەڵک لە زیندان توند دەکەن؟ بۆچی دەستی مەلابەشیرەکان و ئیسلامیە تیرۆریستەکانتان ئاوەڵاکرد بۆ فتواوی کوشتن و تیرۆری شاپور و قابیلی ڕابەری خۆشەویستی ئاوارەکان و بێکاران و هەژاران؟ بۆچی لە ١٤ی تەموزی ٢٠٠٠ ترسنۆکانە ئەو کۆمۆنیستانەتان تیرۆر کردکە تەنها تاوانیان خەبات بوو لە دژی ئەم کابوسستانە؟

-بۆچی هەموو یاسایەکی مەدەنیتان کردوە بە گاڵتەجاڕی و خۆتان بە هیچ جۆرێک پابەندی نابن نە لە حوکمرانی و نە لە بەڕێوەبردندا؟ بۆچی یاساتان کردوە بە کۆمەڵێک قەیدوبەندی داسەپا و تەنها بەسەر خەڵک و نەیارەکانی خۆتاندا؟ بۆچی دادگاکانتان کردوە بە دەزگای ڕاگەیاندنی ئەو حوکمانەی کە پێشتر خۆتان لەدژی نەیارەکانتان بڕیارتان لێداوە؟ ئایا یاسا و دادگایەک هەیە لەم هەموو تالانی و قاچاغچیەی ئێوە بپرسێتەوە؟

ئەگەر ئێوە ئەمڕۆ گوێی خۆتان لەم هەموو پرسیارەی خەڵک کەڕ بکەن و ئامادە نەبن گوێ لە خەڵکی برسی و بێدەرەتان بگرن و وەڵامی پرسیار و هاواریان بدەنەوە، ئەو خەڵکەی کە ڕژێمی دڕندە و فاشیستی بەعسی ڕاماڵی، تا سەر لەبەرامبەر ستەمی ئێوەش دەستەوئەژنۆ دانانیشێت. ڕاپەڕینی خەڵکی برسی هەموو دامودەزگای سەرکوت و فریودانتان لە کار دەخات و ئیفلیجی دەکات، ئەوکات دەبێ لەبەردەم مێژو و دادگای شۆڕشگێرانەی خەڵکدا وەڵامی ئەمانە و سەدا پرسیاری تر بدەنەوە.

**سەرەتای ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**
مۆبایل:00964(0)7701570050
Email: Osman_maruf@yahoo.com

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**
Mob: 0044(0)7856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com

بەرپرسی سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
**جەمال موحسین**
0047(0)47276028
Email:krtariati.ms@gmail.com

# بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان سەبارەت بە: پێویستی خەبات بۆ کۆتایهێنان بە دەسەڵاتی بنەماڵە!

هەردوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی، بەهێزی میلیشیا بەشێوەیەکی ڕەها و نایاسایی دەستیان بەسەر دەسەڵات و تەواوی سامان و داهاتی ئەم کۆمەڵگەیەدا گرتووە. کوردستانیان بە زۆر و زۆرداریی میلیشیاکانیان لە نێوان خۆیاندا دابەشکردووە. بە ناوی زۆنی زەرد و سەوزەوە، هەریەکەیان بەشێک لە خەڵکیان یەخسیر و بێئیرادە کردووە و وەکو کۆیلەی خۆیان مامەڵەیان دەکەن. بە ناو و پەیامی فریوکارانەی کوردایەتیەوە، سەرتاپای ژیان و گوزەران و چارەنوسی خەڵکیان کردووە بە بارمتەی بەردەوامی کەڵەکەی سەرمایە و مژینی زیاتری خوێنی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتێکێش.

دەسەڵاتی ئەم دوو بنەماڵەیە، وەکو فۆڕمی بەرجەستەبووی دەسەڵاتی چینی بورژوازی کورد، کوردایەتیان کردووە بە تلیاک و هێمای سەودا و مامەڵەی سیاسی و سەپاندنی بەرژەوەندیەکانی خۆیان، لەسەر حسابی بێبەری کردنی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و ستەمدیدە لە پێداویستیە هەرە سەرەتاییەکانی ژیان.

دوو دەسەڵاتی میلیشیایی ستەمکار و سەرکوتکەر و نایاسایی و ناشارستانی و نابەرپرس بەرامبەر بە ژیانی خەڵک و پێداویستی و ئازادیەکانیان، لەلایەک بازرگانی و قاچاخچێتی بە نەوت دەکەن و سەرمایەیەکی بێشومار بەدەست دەهێنن. لەلایەکی ترەوە تالآنچێتی و کۆنترۆڵی گومرگی سنورەکان دەکەن، جۆرەها باج و سەرانە بەسەر خەڵک و کاسبکار و بازاڕ و هەموو مامەڵەیەکدا دەسەپێنن. لەسەر هەموو هەناسە و بیرکردنەوە و جوڵەیەکی خەڵکی سەرانەیان داناوە، داهاتەکانیش دەچێتە ناو خەزێنە و بانکە تایبەتی و شەخسیەکانی خۆیانەوە.

ئەم دوو بنەماڵەیە تەنانەت دامودەزگا کارتۆنیەکانی هەرێمیشیان بە تەواوی لە نێوان خۆیاندا دابەش کردووە. بنەماڵەی بارزانی کە بە هێزی میلیشیا و دەزگاکانی سەرکوت خۆیان بەسەر زۆنی زەرددا سەپاندووە، جگە لە سەرۆکایەتی حزب، لە پێکهاتەی حکومەتە کارتۆنیەکەی هەرێمیشدا هەموو پۆستە سەرەکیەکان "سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی حکومەت" یان تایبەت کردووە بە بنەماڵەکەیان. ئەمەیان کردوەتە مەرجی هەر ڕێککەوتنێک بۆ پێکهێنانی حکومەت لەگەڵ هەر لایەنێک. زۆنی سەوز و هەرچیەکیش لەبەردەستی ئەوان دەمێنێتەوە سەرتاپا بۆ بنەماڵەی تاڵەبانیە و بەمجۆرە حوکمڕانی و بڕیاردان لەم هەرێمەدا تەنها لە دەست و ئیرادە و ویستی دوو بنەماڵەدا قۆرخ کراوە. هەریەک لە بارزانی و تاڵەبانی 'ئیمپراتۆریەت'ی خۆیان دامەزراندووە و ژیانی فیرعەونییان بۆ خۆیان ڕازاندوەتەوە، چارەنوسی هەموو خەڵکی کوردستانیشیان کردوەتە بارمتە و خەڵکەکەیان کردووە بە کۆیلەی ئەم ئیمپراتۆریەتە ستەمکارە.

سێ دەیە زیاترە هەردوو حزبی بنەماڵەی ڕکابەر دەسەڵاتیان بەپێی هاوسەنگی هێزی نێوانیان بەشکردووە، جارێک بە ئاشتی و ڕێکەوتنی ستراتیژی و جارێک بە شەڕ و کوشتار، یان بە سوکایەتی و ڕووشکاندنی یەکتر. هیچ کاتێکیش نە شەڕ و نە ئاشتییان هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندی و کێشەکانی خەڵکەوە نەبووەو نییە. لەسەر هەر مەسەلەیەک ناکۆکییان هەبێت، لەسەر بێ ئیرادەکردن و سەپاندنی بێ مافی بەسەر خەڵکدا بە تەواوی تەبا و هاوڕان. هەرکاتیش لەسەر دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەت ڕێکنەکەون، دۆخەکە بنبەست دەکەن و خەڵک لە ناو کابوسی بێدەرەتانیدا بە دیار مەرامەکانی خۆیانەوە ڕادەگرن. هەردوو حزب هەرچەندە هەر لە بنەڕەتەوە بنەماڵەیی بوون، بەڵام سەرئەنجام بە شێوەیەکی زەق و بێپەردە بە شانازیەوە بوونەتە خزمەتچی و ئامڕازی دەسەڵاتی بنەماڵە. سەرجەم دامودەزگا حکومیەکان جگە لە ڕووپۆشێکی یاسایی بۆ دەسەڵاتی بنەماڵە هیچی تر نین. بۆ سەپاندنی ئەمەش، جۆرەها دەزگای سەرکوت و فریودانیان دامەزراندوە، ئازادی سیاسیان خنکاندوە، ڕۆژنامەنوسان تیرۆر دەکەن، سەدویەک قەیدوبەندیان بۆ ڕێگری لە نارەزایەتی کرێکاری و جەماوەری ستەمدیدە داناوە و بە زەبری چەک سەرکوتی دەکەن. بەمجۆرە مەملەکەتێکی پاشایەتییان بەرپاکردووە و بەسەرانە سەندن لە خەڵک و تالآنچێتی و دزی و قاچاخچێتی و ستەمکاری، سەرمایە کەڵەکە و پاشەکەوت دەکەن.

کۆشکەکانی هەردوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی، کراون بە ناوەندی هەموو بڕیارێکی چارەنوسساز، باقی دامودەزگا حکومیەکان کە گوایە لە پرۆسەی هەڵبژاردن و بەشداری خەڵکەوە هاتوون، کراون بە ڕووپۆش و مەقاش و جێبەجێکەری ئەو بڕیارانەی لەو کۆشکانەوە دەردەچن. لە هەردوو زۆندا، هەر بڕیارێکی گرنگ دەبێ بە فلتەری بارزانی و تاڵەبانیدا تێپەڕێت.

ئەم فۆڕم و مۆدێلە لە دەسەڵاتدارێتی و وردوخاشکردنی ئیرادەی خەڵک، تا سەر مۆخ کۆنەپەرستانە و ناکۆکە بە هیوا و ئاوات و ئارەزوەکانی خەڵکی شارستانیی کوردستان و پێوانە سەردەمیەکان و هەرگیز شایانی ژیان و شکۆی خەڵکی کوردستان نییە و دەبێ کۆتایی

بێت. هەر حزب و لایەنێکیش، بەهەر رادەیەک، سات و سەودا لەگەڵ ئەم دەسەڵاتە داسەپاوەدا بکات یان بچێتە پاڵی و لە سێبەریدا دانیشێت، دەبێتە هاوبەشی ستەم و تاوان و چارەنوسەکەی .

کۆمەڵگەی کوردستان لە سایەی ئەم دەسەڵاتەدا خەریکە دەخنکێت، هەر ئاڵوگۆڕ و باشبوونێکی بەرچاو لە ژیانی خەڵکدا، راستەوخۆ بەندە بە کۆتاییهێنان بەم دەسەڵاتە ستەمکارەوە. ئەم دەسەڵاتە جگە لەوەی کۆنەپەرست و ستەمکارە، کۆسپی سەرەکیە لەبەردەم هەر جۆرە پێشڕەوی و بەرەوپێشچوونێکی کوردستان لە هەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە. ئەم دەسەڵاتە کە ئێستا لەبەردەم ئۆقیانوسێک لە نەفرەت و تورەیی و نارەزایەتی خەڵکدایە، هەرچەندە پڕچەک و پارە و سەرەڕۆ بێت، بەڵام ناتوانێ ئەو ئیرادەیەی خەڵکی کوردستان تێکبشکێنێت کە رژێمی فاشیست و درەندەی بەعسی رامالی. خەڵکی کوردستان هیچ رێگایەکیان لەبەردەمدا نەماوە جگە لە خەباتێکی یەکگرتووانە بۆ کۆتایهێنان بەم دەسەڵاتە. هەرجۆرە چاوەڕوانیەک بۆ دەستبەری ئاواتەکانیان لەلایەن ئەم دەسەڵاتەوە، جگە لە نەهامەتی زیاتر هیچ ئەنجامێکی نابێت، چونکە خۆشبەختی خەڵک هیچ جێگایەکی لە بەرنامەی ئەم دەسەڵاتەدا نییە.

خەباتی یەکگرتوانە و رێکخراوی کرێکاران و مامۆستایان و کارمەندان و ژنان و لاوان و کاسبکاران، دەتوانێ ئەم دەسەڵاتە وەلابنێ و دەسەڵاتیک بەرپا بکات کە پشتی بە ئیرادەی راستەوخۆی خەڵک بەستبێت، دەسەڵاتێک کە بەرنامە و ئیرادەی بۆ دەستەبەرکردنی خۆشبەختی بێت بۆ خەڵک. ئەمە خەباتێکی هەمەگیر و رێکخراوی دەوێ، پێویستی بەوەیە یەکگرین و بە دامەزراندنی رێکخراوەکانمان ریزەکانمان یەکگرتوو بکەین. رابەران و هەڵسوراوان و پێشرەوانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دەتوانن لەم خەباتە و لە یەکگرتوکردنی جەماوەریدا رۆڵی پێشرەوانە بگێرن. هەر حزبێکی سیاسی کە تۆزقاڵێکیش خۆی بە لایەنگری ئازادی و مافەکانی خەڵک بزانێ، ئەمرۆ ئیتر دەبێ سەنگەری خۆی هەڵبژێرێت، لە پاڵ ئەم خەباتە یان لە پاڵ دەسەڵاتی ستەمکاردا رادەوەستێت؟

حزبی کۆمۆنیستی کریکاری بۆ رێکخستن و رابەری کردنی ئەم خەباتە و مەیسەرکردنی ئەم ئاڵوگۆرە تێدەکۆشێت و بانگەوازی خەڵک دەکات بۆ کۆبوونەوە و یەکگرتن لە دەوری ئەم ئاسۆیە.

**حزبی کۆمۆنستی کرێکاریی کوردستان**
**١/١٠/٢٠٢٦**

---

# گرانی و قەیرانی بژێوی لە سایەی سەرمایەداریی حیزبی و بنەماڵەییدا

## توانا محەمەد نوری

هەموو رۆژێک کە دەچینە بازاڕ، هەست بە قورساییەکی بێوێنە لەسەر بژێوی و شانی خۆمان دەکەین. بەپێی ئامارەکانی "دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان"، تەنیا لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا پێوەرەکانی هەڵاوسان و تێچووی ژیان بە رێژەی زیاتر لە ١٥٪ بۆ ٢٠٪ بەرزبوونەتەوە. ئەو داهاتەی پێشتر بەشی پێداویستیی هەفتەیەکی خێزانێکی دەکرد، ئێستا توانای دابینکردنی بژێوی دوو رۆژیشی نییە؛ لە کاتێکدا نرخی خۆراک و پێداویستییە سەرەکییەکان رۆژانە هەڵدەکشێن، توانای کڕینی چینە زەحمەتکێش و مووچەخۆرەکان لە دابەزینی بەردەوامدایە.

دەسەڵات و گوتاری باڵادەست هەمیشە وا وێنای دەکەن کە ئەم دۆخە دەرئەنجامی ئاسایی و حەتمیی "بازاڕی ئازاد"، شۆکی دەرەکی، و دابەزینی بەهای دینارە بەرامبەر دۆلار. ئەمڕۆ کە دەبینین تەنانەت لە سیاسەتی داراییی فەرمیشدا نرخی دۆلار بە زیاتر لە ١٥٠٠ دینار مامەڵەی پێوە دەکرێت و بە ١٥١٠ دینار دەدرێتە بانکەکان، دەسەڵات خۆی بە فەرمی بەهای دینار دادەبەزێنێت و گرانی لەسەر هاووڵاتیان دەچەسپێنێت. ئەم دابەزینەی بەهای دراوی ناوخۆیی راستەوخۆ باری سەرشانی زیاتر لە ٧٠٪ی خێزانە کەمداهاتەکانی قورس کردووە؛ بەڵام دەسەڵات لەبری پاراستنی خەڵک لەم شۆکە نەختییە، سیاسەتی دراو و جیاوازیی نرخەکان بۆ قازانجی بانکە ئەهلییەکان و سەرمایەداران و قۆرخکاران دەقۆزێتەوە و باج و رسومات لەسەر هاووڵاتییان زیاد دەکات. کەواتە ئەم قەیرانە قەدەری ئاسمانی نییە، بەڵکو میکانیزمی سیستەمێکی چینایەتییە کە تێیدا باجی سیاسەتی دراو و قەیرانە داراییەکان بەسەر خەڵکی کرێکار و رەنجدەردا دەشکێنرێتەوە، تا قازانج و داهاتی کۆمپانیا و بانکە دەسەڵاتدارەکان پارێزراو بێت.

لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دابەشبوونێکی چینایەتیی زەق لەسەر بنەمای ئابوورییەکی سەرمایەدارانە دروست بووە. بەپێی داتاکانی "وەزارەتی پلاندانان"، لە کاتێکدا رێژەی هەژاریی رەها لە نێوان ٩٪ بۆ ١٢٪ دایە، بەڵام زیاتر لە ٤٠٪ی کۆمەڵگە لەسەر لێواری هێڵی هەژاریدا دەژین و مەترسیی دارمانی تەواوەتییان لەسەرە. ئەم نایەکسانییە تۆقێنەرە لەکاتێکدایە کە کۆی سامانی

⟵

گشتی، زەوی، مۆڵەتە بازرگانییەکان و داهاتی نەوت لە دەستی نوخبەیەکی سیاسی-سەرمایەداردایە کە کەمتر لە ٥٪ی دانیشتووان پێکدەهێنن.

ئەم گرانییە لە بنەڕەتدا بەرهەمی چاوچنۆکیی سەرمایەداران و قۆرخکردنی بازاڕە لە پێناو مسۆگەرکردنی قازانجی خێرادا. سەرمایەداریی حیزبی بە ئەنقەست کەرتی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی پشتگوێ خستووە، تا کۆمەڵگەی کوردی تەنیا ببێتە بازاڕێکی ساغکردنەوەی کاڵای هاوردەکراوی کۆمپانیاکانی خۆیان. ئەمڕۆ زیاتر لە ٨٥٪ی پێداویستییە سەرەکییەکان هاوردە دەکرێن، ئەم پشتبەستنە تەواوەش دەستی کۆمپانیا دەسەڵاتدارەکانی واڵا کردووە کە نرخەکان بە ئارەزووی خۆیان بەرز بکەنەوە و باجی هەر شۆکێکی ئابووری بخەنە سەر سفرەی هاووڵاتیی هەژار.

ئەوەی دۆخەکە لە کوردستان کارەساتبارتر دەکات، ئەوەیە کە ئێمە لەبەردەم "سەرمایەدارییەکی حیزبی، بنەماڵەیی و قۆرخکاری تەواو"داین. سنوورەکان، دەروازە بازرگانییەکان و هاوردەکردنی کاڵا ستراتیژییەکانی وەک دەرمان، خۆراک و سووتەمەنی لەلایەن چەند کۆمپانیایەکی قۆرخکاری سەر بە باڵ و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانەوە کۆنترۆڵ کراون. ئەم کارتێلە حیزبییانە بەپێی بەرژەوەندیی کەڵەکەکردنی سەرمایەی خۆیان نرخ دادەنێن و بە بەهای زیادە ڕەنجی خەڵک دەدۆشن.

لە کاتێکدا هەموو شتێک لە بازاڕدا گران دەبێت، نرخی ماندووبوونی مرۆڤ بە ئەنقەست بێبەها دەکرێت. بەپێی بەدواداچوونەکانی "سەندیکای کرێکاران"، کەمترین کرێ لە کەرتی تایبەتدا هێشتا لە دەوروبەری ٣٥٠ هەزار دینارە، لە کاتێکدا سەبەتەی بژێویی مانگانەی خێزانێکی ٥ کەسی لە ١ ملیۆن دیناری تێپەڕاندووە. ئەم دۆخە بەرجەستەکردنی وردی تیۆرانینی ئابووریناسی ناوداری مارکسی "ئێرنست ماندێل"ە بۆ دیاردەی »هەڵاوسانی هەمیشەیی«؛ ماندێل دەیسەلمێنێت کە گرانی و هەڵاوسان ڕێکەوت نییە، بەڵکو میکانیزمێکی بێدەنگی سەرمایەدارییە بۆ دابەزاندنی بەهای ڕاستەقینەی کرێی کرێکاران بەبێ دەستکاریکردنی ژمارەی سەر کاغەزی مووچەکانیان، تا باجی قەیرانە ئابوورییەکان لە پشکی قازانجی خاوەنکارەوە بە تەواوی بگوازرێتەوە بۆ سەر گیرفان و سفرەی بەتاڵی زەحمەتکێشان.

کارەساتەکە بە لاوازکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکانیش گەیشتووە؛ تەندروستی و خوێندن بە تەواوی کراون بە کاڵا و بوونەتە بارگرانییەکی گەورە بەسەر شانی خەڵکەوە. لە کاتێکدا دەوڵەمەندەکان دەستیان بە باشترین خزمەتگوزاری دەگات، زۆرینەی خەڵک دەبێت باجی گرانی و بێئاوی و کارەبای کەم بدەن. نەخۆشخانە حکومییەکانیش ئەوەندە بێدەرەتان کراون کە، جگە لە چەند نەخۆشخانەیەکی وەک هیوا یان فریاکەوتن کە خزمەتگوزاریی سنووردار پێشکەش دەکەن، ئەمڕۆ نزیکەی تەواوی تێچووی دەرمان، پشکنین و نەشتەرگەری لە گیرفانی بەتاڵی هاووڵاتییە، بە جۆرێک تەندروستی لە مافێکی سەرەتاییەوە کراوە بە بازرگانی.

زۆرجار گوتاری دەسەڵات هەوڵ دەدات هۆکاری بێکاری بخاتە ئەستۆی بێکاران و هاووڵاتییان خۆیان، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتەکانی "ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کار"((ILO، ڕێژەی بێکاری لە نێو گەنجانی هەرێمدا لە نێوان ٢٠٪ بۆ ٢٥٪ دایە. ئەم بێکارییە فراوانە کێشەی کەسیی کەس نییە، بەڵکو دەرئەنجامی سیستمێکی ئابووریی مشەخۆر و پشتبەستوو بە هاوردەکردنە، کە تەنیا بە دوای بازرگانی و قازانجی خێرادا دەگەڕێت و ئامادە نییە لە کەرتە بەرهەمهێنەرەکان و پیشەسازیدا هەلی کاری ڕاستەقینە بخولقێنێت.

بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دارمانە، پێویستە کرێکاران و توێژە کەمداهات و



بەرهەمهێنەرەکان هۆشیاریی چینایەتیی خۆیان پەیدا بکەنەوە؛ بەڵام یەکەم کۆسپ لەبەردەم ئەمەدا، حیزبیکردن و ئیفلیجکردنی سەندیکاکانی کرێکاران و پیشەییەکانە لەلایەن دەسەڵاتەوە تا ڕێگری لە هەر جووڵەیەکی ڕاستەقینەی جەماوەری بکرێت. ئەمڕۆ ئازاری مامۆستایەکی ناڕازی، فەرمانبەرێکی بێمووچە و کرێکارێکی بێدەرەتانی بیناسازی یەکە، چونکە هەموویان قوربانیی هەمان سیستەمی کەڵەکەکردنی سەرمایەن لەسەر حسابی ڕەنج و مافەکانیان.

بۆ کۆنترۆڵکردنی کورتخایەنی گرانی، پێویست ناکات تەنیا پەنا بۆ سەپاندنی زۆرەملێی نرخ ببرێت کە دەبێتە هۆی شاردنەوەی کاڵا و بازاڕی ڕەش، بەڵکو دەبێت قۆرخکاریی کۆمپانیا حیزبییەکان بە تەواوی هەڵبوەشێنرێنەوە. هاوکات پێویستە کەرتی حکومی پشتیوانیی دارایی (سوبسید) بۆ هاوردەکردنی کاڵا خۆراکییە سەرەکییەکان و سووتەمەنی دابین بکات و بە نرخی تێچوون دابەشیان بکات، و لەگەڵ ئەوەشدا چاودێرییەکی کۆمەڵایەتیی توند بەسەر کۆگا و هاوردەکردندا بسەپێنرێت لەڕێگای نوێنەرانی دڵسۆز و هەڵبژێردراوی خەڵک خۆیانەوە.

هاوکات دەبێت کەمترین ئاستی مووچەی کرێکاران و فەرمانبەران دەستبەجێ بەرز بکرێتەوە و ڕاستەوخۆ

ببەسترێتەوە بە پێوەرەکانی هەڵاوسان و تێچووی بژێوی ژیان، تا توانای کڕینی خەڵک پارێزراو بێت. هەروەها دەبێت خوێندن و تەندروستی لە هەموو رسوماتێک پاک بکرێنەوە، و کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی ناوخۆیی لە ڕێگەی سندووقی پشتیوانییەوە ببوژێنرێنەوە؛ تێچووی ئەم چاکسازییە ڕاستەقینانەش لە ڕێگەی سەپاندنی باجی قورسی پێشکەوتوو بەسەر قازانجی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نەوت، بانکە ئەهلییەکان، کۆمپانیاکانی پەیوەندی و پرۆژە نیشتەجێبوونە شاهانەکان دابین بکرێت. بەڵام ئاشکرایە کە چینی دەسەڵاتدار و خاوەن بەرژەوەندییەکان هەرگیز بە ئارەزووی خۆیان دەستبەرداری ئەم دەستکەوتانە نابن و باج ناخەنە سەر خۆیان؛ بۆیە بەدیهاتنی ئەم ڕێکارانە تەنیا لە ڕێگەی یەکگرتنی مەیدانی، فشاری ڕێکخراوی جەماوەری و ڕێکخراوە کرێکاری و جەماوەرییە سەربەخۆکانەوە دەتوانرێت بەسەر دەسەڵاتدا بسەپێنرێت.

بەدڵنیاییەوە گرانی بە دوعا، بەخشینی خێرخوازیی سەرمایەداران و پێدانی سەدەقەی سەرپێیی چارەسەر ناکرێت. چارەسەری ڕاستەقینە لە ڕزگارکردنی ئابووریی کوردستانە لە چنگی مۆدێلی سەرمایەداریی حیزبی-بنەماڵەیی و بە بازاڕکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان؛ دەبێت پەیوەندییە ئابوورییەکان بە جۆرێک دابڕێژرێنەوە کە بەرهەمهێنان، سەرچاوە داراییەکان و سامانی وڵات لە خزمەت دابینکردنی ژیانێکی شایستە بۆ زۆرینەی کۆمەڵگە بن، نەک لە خزمەت کەڵەکەکردنی سەرمایە بۆ بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان و کەمینەیەکی قۆرخکاری مشەخۆر.

٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦

# تەنگەژەی ئابوری عێراق!

## عوسمانی حاجی مارف

ئەمریکا بەدوای کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق، گوایە ئەرکێکی سەربازی ١٢ ساڵەی کۆتایی پێدەهێنێت، نەک 'داگیرکاری'، بەڵام پەیوەندی و بەرژەوەندیەکانی دەپارێزێت کە لە بوونی هێزە سەربازیەکانی زیاتر پەلدەکێشێت، کە پەیوەندیە ئابوری و دارایی و هاوکاریە ئەمنیەکان و بەرژەوەندی کۆمپانیاکانە، واتە قۆناغێکی نوێ لە هەژمونی و پەیوەندیەکانی واشنتۆن لەگەڵ بەغدا دەست پێدەکات، قۆناغێک کە تیایدایە، پرسیارەکە لەسەر ئەوەیە کە ئەمریکا چ ئامڕازێکی کاریگەری دەهێڵێتەوە بۆ سنوورەکانی ڕۆڵی دوای کشانەوەکە.

تەنانەت دوای کشانەوەی هێزەکانی لە عێراق، واشنتۆن کەرەستەیەکی دارایی کاریگەری لە دەستدایە، کە پەیوەندی بە داهاتی نەوتی عێراقەوە هەیە، تا ئێستاش لە بانکی یەدەگی فیدراڵی نیویۆرک دانراوە، ئەم پەیوەندیە گرنگە، چونکە بەغدا پشت بە نەوت دەبەستێت کە نزیکەی ٪٩٠ ی بودجەی دەوڵەت دابین دەکات، هەروەها پێویستی بە دۆلارە بۆ دابینکردنی دارایی بازرگانی و هاوردەکردن.

بەڵام داسەپاندنی سزاکانی ئەمریکا بەسەر ئێراندا، بەغدا ڕوبەڕوی دووفاقیەک دەکاتەوە، بەغدا پێویستی بەوەدەبێت کە خۆی لەو سزایانە بپارێزێت، کە دامەزراوە داراییەکان و کۆمپانیاکانی مامەڵەکردن لەبەرامبەر تاراندا دەکاتە ئامانج، بەڵام لە هەمانکاتدا حکومەتی عێراق ناتوانێت پەیوەندیە بازرگانی و داراییەکانی لەگەڵ تاران بپچڕێنێت. کەمبونەوەی هەناردەکردنی نەوتی عێراق بەهۆی داخستنی گەرووی هورمزەوە، دەبێتە هۆی ئەوەی حکومەتی عێراق بوارێکی کەمی بۆ مامەڵەکردن هەبێت. ئەم دوو فاقیەی بەغدا، لەلایەک دەیخاتە نێوان فشارەکانی ئەمریکا بە ئامانجی سنووردارکردنی ئەو کەناڵانەی کە تاران بۆ دەربازبون لە سزاکان بەکاری دەهێنێت، لەلایەکی ترەوە پێویستیەکی عێراق بۆ پاراستنی پەیوەندیە بازرگانی و داراییەکانی لە گەڵ ئێران کە نوێنەرایەتی بەشێکی گرنگی چالاکی هاوردە و ئاڵوگۆڕی بازرگانی دەکەن.

لەگەڵ فراوانبوونی گەمارۆ لاوەکیەکان، ناکۆکی ئەمریکا و ئێران لە تاراندا قەتیس نەماوە، ئێستا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر عێراقە و کاریگەری لەسەر بانک و کۆمپانیا و بازاڕەکانی هەیە. دوایین هەڵمەتی ئابووری ئەمریکا جیاوازە لە چاو سزاکانی پێشوودا، بەو پێیەی سزاکان چیتر دوولایەنە نین، تەنیا تارانیان کردۆتە ئامانج، بەڵکو درێژبوونەتەوە بۆ ئەوەی هاوپەیمانە دەرەکیەکانیشی بگرێتەوە، لە ڕێگەی چڕکردنەوەی سزا لاوەکیەکانەوە.

بە ئامانجگرتنی بانکەکان، بەندەرەکان، کۆمپانیاکانی بیمە و کۆمپانیاکانی گواستنەوە کە مامەڵە لەگەڵ ئێران دەکەن لە وڵاتانی وەک عێراق، تورکیا، ئیمارات، چین.

حکومەتی بەغدا لە نێوان چەقۆی پابەندبون بە فشارەکانی ئەمریکا و سەنگەری ئەو پەیوەندیە جیۆ-ئابووریانەی کە عێراق بە ئێرانەوە دەبەستێتەوە، خۆی لە دڵی زریانەکەدا دەبینێتەوە، مەسەلەکە تەنها پەیوەندی بە پابەندبون بە ڕێوشوێنەکانی ئەمریکاوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە کاردانەوەی ئەگەری لەسەر بانکەکان و بازاڕی ئاڵوگۆڕ و ڕۆیشتنی کاڵاکانەوە هەیە، لە کاتێکدا کە ئابووری عێراق لە ئێستاوە ڕووبەڕووی فشاری زیاتر بۆتەوە. زۆربەی بانک و دامەزراوە دارییەکان و کۆمپانیاکانی گواستنەوەی پارەی عێراق مامەڵە لەگەڵ ئێران دەکەن، چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی

نێوەندگیرانەوە، هەموویان دوای پاکێجی نوێی سزاکان، کەوتوونەتە ژێر چاودێری ئەمریکاوە. کاریگەری نەرێنی گەورە لەسەر سەقامگیری دراوی ناوخۆی و ناجێگیری بازاڕەکانی نرخی ئاڵوگۆڕ هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئیدارەی ترەمپ ئامانجی بڕینی هەموو ئەو ڕێگایانەیە کە تاران بۆ دەربازبوون لە سزاکان بەکاری دەهێنێت، عێراق دەبێتە قوربانی یەکەم.

هەستیاری ئەم مەسەلەیە تەنیا کەرتی دارایی نەگرتۆتە خۆی، بەو پێیەی قەبارەی بازرگانی نێوان بەغدا و تاران زیاتر حساباتی حکومەتی عێراق ئاڵۆزتر دەکات، بەپێی ئامارە فەرمیەکانی وەزارەتی بازرگانی عێراق، ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەردوو ولات لە ساڵی ٢٠٢٥دا گەیشتووەتە نزیکەی ١٠ ملیار دۆلار، کە کۆمەڵێک کاڵا لەخۆدەگرێت لەوانە خۆراک و بەرهەمە بەکارهێنراوەکان. توندکردنەوەی سزاکان و سنووردارکردنی مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران، بەغدا ناچار دەکات بەدوای دەروازە و بازارە بەدیلەکانی هاوردەکردندا بگەڕێت، ئەمەش ڕەنگە تێچووی بودجەی دەوڵەت زیاد بکات، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی دابەزینی هەناردەکردنی نەوت بەهۆی داخستنی گەرووی هورمزەوە.

ئەوەی شایانی باسە مەرج نییە سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران ببێتە هۆی وەستانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەردوو ولات بەتەواوی، تەنانەت ئەگەر عێراقیش پابەند بێت بەو ڕێوشوێنانەی ئەمریکا بەسەر ئێراندا سەپاندویەتی، چونکە سزاکان هەرچەندە بەرفراوان بن، نابێتە هۆی پچڕانی تەواوەتی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان عێراق و ئێران، ڕۆژانە ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەردوو ولات بە کەڵک وەرگرتن لە دراوە ناوخۆییەکانیان، دیناری عێراقی و تمەنی ئێرانی بەڕێوەدەچێت، دوور لە باڵادەستی دۆلاری ئەمریکیەوە.

عەلی زەیدی، پەیامی لە ئیدارەی ترەمپەوە پێگەیشتووە سەبارەت بە پێویستی پچڕاندنی پەیوەندیە ئابووری و بازرگانیەکان لەگەڵ ئێران و کارکردن بۆ بڕینی ڕۆیشتنی دۆلاری ئەمریکی لە عێراقەوە بۆ ئێران، لە پێناو ئەوەی بەغدا نەکەوێتە ژێر سزاکانی ئەمریکاوە.

حکومەتی زەیدی، لە هەوڵی پتەوکردنی پەیوەندی و هاریکاری ئابووریە لەگەڵ ئەمەریکا، نەک تەنها یارمەتیدانی عێراق بۆ دەرچوون لە قەیرانی ئابوری ئێستای، بەڵکو دڵنیابون لەوەی هیچ سزایەک بەسەر عێراقدا نەسەپێندرێت و پەیوەندی نێوان واشنتۆن و بەغدا بگۆڕێت بۆ پەیوەندیەکی هاوبەشی و هاوکاری ئابووری، هەروەها ترسی ئەوە هەیە کە سزاکانی ئەمریکا بۆ دامودەزگاکانی عێراق درێژببێتەوە، ئەگەر هاوکاریە ئابووری و داراییەکان لەگەڵ ئێران بەردەوام بێت، ئەگەر واشنتۆن بڕیاری توندکردنەوەی ڕێوشوێنە سزاییەکانی بدات، ئەوا دامەزراوە داراییەکانی عێراق دەتوانن خۆیان لەبەردەم سزاکاندا ببیننەوە کە ئابوری عێراق بە زەحمەت بەرگەی کاردانەوەکانی دەگرێت، بەتایبەتی لە ئێستادا.

لەلایەکی دیکەوە حکومەتەکەی زەیدی ڕووبەڕووی فشارەکانی تاران دەبێتەوە بۆ ئەوەی گەمارۆکانی ئەمریکا پشتگوێ بخات و کەناڵە ئابووری و بازرگانیەکانی نێوان هەردوو ولات بپارێزێت. کۆماری ئیسلامی ئێران دوای ڕاگەیاندنی هەڵمەتی سزاکانی ئەمریکا بە خێرایی پەیوەندیان بە بەرپرسانی عێراقەوە کردووە بۆ ئەوەی جەخت لەسەر پێویستی پابەندنەبوون بەو سزایانە بکەنەوە. بەرپرسانی ئابووری و سیاسی ئێران لەم دواییانەدا سەردانی بەغدایان کردووە بۆ دارشتنی پلانێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و دڵنیابوون لە بەردەوامی پەیوەندیە بازرگانی و داراییەکانی نێوان هەردوو ولات، تاران دەیەوێت دڵنیابێت لەوەی بازاڕی عێراق وەک شوێنی سەرەکی بۆ بەرهەمەکانی بمێنێتەوە، هاوکات عێراقیش وەک دەرگای پشتەوە بەدەستهێنانی دۆلاری ئەمریکی بپارێزێت.

هەروەها ئێران پێشنیاریان بۆ زەیدی کردووە بۆ ئەوەی بەشێک لە کەشتیە نەوتهەڵگرەکانی عێراق بە گەرووی هورمزدا تێپەڕن، لەبەرامبەر پابەندنەبوونی عێراق بە سزاکانی ئەمریکا، ئەمەش زەیدی دەخاتە نێوان دوو بژاردەی قورسەوە، لەوانەش هەوڵدان بۆ دەستپێکردنەوەی هەناردەکردنی نەوت بۆ کەمکردنەوەی تەنگەژەی ئابووری، هاوکات دوورکەوتنەوە لە مەترسی تورەکردنی واشنتۆن و بەرکەوتنی عێراق بۆ سزاکانی ئەمریکا.

ئێران قسەکانی خۆی لە دژی ئەو ولاتانە پەرەپێدا کە ڕەنگە پابەندی سزاکانی ئەمریکا بن، هەروەها هەڕەشە لە بەرژەوەندی ئەو ولاتانە دەکەن کە هاوکاری ئەمریکان لە جێبەجێکردنی گەمارۆ سەپێنراوەکانی سەر ئێران. بەڵام پێدەچێت لەباری عەمەلیەوە ئەگەری ئەوە کەم بێت کە ئێران عێراق بکاتە ئامانج، ئەگەر پابەندیش بێت بە سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران، چونکە چەندین کەناڵی پشتەوە هەن بۆ هاریکاری ئابوری نێوان ئێران و عێراق.

گەورەترین کاردانەوەی نیگەرانی لایەنەکانی حەشدی شەعبی نزیک بە ئێران، ڕەنگە کۆمپانیا نەوتیە ئەمریکیەکان بکەنە ئامانج کە لە عێراق کاردەکەن، تا فشار بخەنە سەر واشنتۆن بۆ ئەوەی سزا ئابووریەکانی لەسەر تاران سووک بکات، سیناریۆیەکی لەو شێوەیە کاردانەوەی نوێ دەخاتە بەردەم حکومەتی عێراق، ئەمەش بە دڵنیاییەوە عێراق بەرەورووی سزاکانی ئەمریکا دەبێتەوە و عێراق لە قەیرانێکی ڕاستەقینە ڕادەگرێت.

توانای واشنتۆن بۆ سزادانی ئەو قەوارانەی کە لەڕووی ئابووریەوە لەگەڵ ئێراندا هاوکاری دەکەن، گوشاریشە بۆ سەر بەغدا، بەڵام مەرج نییە بە مانایکۆتایی هاتنی پەیوەندیە

بازرگانییەکانی نێوان هەردوو ولات بێت. سزاکان بازارە ناوخۆییەکانی عێراق پەکدەخەن و فشارە داراییەکان لەسەر حکومەت زیاتر دەبن، بەڵام، مەرج نییە ئەمە ببێتە هۆی داخستنی سەرجەم کەناڵە بازرگانییەکانی نێوان بەغدا و تاران، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێگایانەی کە بوار بە بەشێک لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و دارایی نێوان هەردوو ولات دەدەن بەردەوام بێت. گرنگی ئەو کەناڵانە زیاتر دەبێت، چونکە هەندێک ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان عێراق و ئێران پشت بە دراوە ناوخۆییەکان دەبەستێت، ئەمەش پێویستی بەکارهێنانی دۆلار لە هەندێک مامەڵەدا کەمدەکاتەوە و توانای ئەوە دەدات بە بازرگانان بۆ درێژدان بە هەندێک لە چالاکیەکانیان لە دەرەوەی ئەو سیستەمە داراییەی کە واشنتۆن چاودێری دەکات. سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران، هەرچەندە کاریگەر بن، ناتوانن کەناڵە بازرگانیە فەرمی و نافەرمیەکانی نێوان دوو ولات لەناوببەن، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی دوور و درێژی تاران لە مامەڵەکردن لەگەڵ سزاکان و دۆزینەوەی ڕێگەی بەدیل.

بەم پێیە، بۆ بەغدا، قەیرانەکە تەنیا پەیوەست نیە بە پابەندبوون یان ڕەتکردنەوەی سزاکانی ئەمریکا، بەڵکو زیاتر پەیوەندی بە توانای حکومەتەوە هەیە بۆ بەڕێوەبردنی تۆڕێک لە بەرژەوەندیە تێکەڵاوەکان: پاراستنی پەیوەندیە ئابوورییەکانی لەگەڵ ئێران، پاراستنی دامەزراوە داراییەکانی لە سزا لاوەکیەکان و دڵنیابوون لە بەردەوامی ڕۆیشتنی نەوت و بازرگانی، هەروەها ڕێکخستن و پاراستنی ئارامی پەیوەندی ئابوری لەگەڵ هەرێم، لە کاتێکدا کە زۆرە مانۆڕەکانی ئابووری عێراق بەرەو بچووکبوونەوە دەچێت و ئاڵوگۆڕی خێرای دۆخەکە و ململانێکان هەر ڕۆژە دیاردەیەک نیشان ئەدات.

★

# قەیرانی حکومەتی فەرەنسا و ناڕەزایەتییەکانی قوتابیان!

## نوری بەشیر

قەیرانێکی گەورە یەخەی فەرەنسای گرتووە و کاریگەرییەکانی لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگادا دەبینرێن. ئەم قەیرانە تەنیا تایبەت بە فەرەنسا نییە، بەڵکوو ڕەگ و ڕیشەی لە قەیرانی گشتیی سیستەمی سەرمایەداری ئەورووپادایە. ئەوەی سەرەتا بە ناڕەزایەتیی قوتابیان دەستی پێکرد، بەهۆی وەڵامنەدانەوەی حکومەت و فراوانبوونی هاوپشتیی کۆمەڵایەتی، خەریکە بەرەو ناڕەزایەتییەکی گشتیتر و سیاسیتر دەڕوات و خواستەکانی قوتابیان، کرێکاران و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگا لە یەک نزیک دەکاتەوە.

ناڕەزایەتییەکانی قوتابیان لە ١٧ی سێپتەمبەرەوە لە قوتابخانەکانی ناوەندی و ئامادەیی گەڕەکە هەژارنشینەکانی دەوروبەری پاریس دەستیان پێکرد، لە دژی هەلومەرجی خراپی خوێندن و کەموکورییەکانی سیستەمی پەروەردە. کەمی مامۆستا، کۆنی و خراپی بینای قوتابخانەکان، نەبوونی سیستەمی گونجاوی ساردکردنەوە و گەرمکردنەوە، قەرەباڵغیی پۆلەکان، کە هەندێک جار ژمارەی قوتابیان تیایاندا دەگاتە ٤٠ کەس، لە کێشە سەرەکییەکانن. هەروەها قوتابیان نارازین لە سیستەمی ئەلیکترۆنیی «پارکۆرسوپ» (Parcoursup) «کە حکومەت بۆ داواکردن و دابەشکردنی شوێنی خوێندن لە زانکۆ و دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا بەکاری دەهێنێت.

بەردەوامیی ناڕەزایەتییەکان و بێوەڵامیی حکومەت، هاوپشتییەکی فراوانی بۆ قوتابیان دروست کردووە؛ لە دایک و باوکی قوتابیان و سەندیکا و



ڕێکخراوەکانی مامۆستایانەوە، تا دەگاتە یەکێتییە کرێکارییەکان و حزبە کۆمۆنیستەکان. لە بەرامبەردا، حکومەت بە هێزەکانی پۆلیس پەنای بۆ سەرکوت بردووە و گازی فرمێسکڕێژ، ئاوپرژێن و فیشەکی لاستیکی بەکارهێناوە و بە سەدان کەسی دەستگیر کردووە. بەپێی ئەو ئامارانەی لە میدیاکاندا بڵاو بوونەتەوە، ژمارەی دەستگیرکراوان بە هەزاران کەس گەیشتووە و بەشێکی زۆریان لە تەمەنی خوار هەژدە ساڵدان. هەروەها لە ئەنجامی پێکدادانەکاندا، قوتابیان و کارمەندان و ئەندامانی پۆلیس بریندار بوون و زیان بە ژمارەیەک شوێن و بینا گەیشتووە.

بەڵام سەرکوت و چەواشەکاریی حکومەت و حزبە ڕاستڕەوەکانی دەسەڵاتدار نەیانتوانیوە ناڕەزایەتییەکان بوەستێنن. حزبە ڕاستڕەو و ڕەگەزپەرستەکان هەوڵ دەدەن بەرپرسیارێتیی قەیرانەکە بخەنە ئەستۆی حزبە چەپەکان، کۆچبەران و موسڵمانان. هەتا دۆناڵد ترەمپیش هەوڵی داوە ناڕەزایەتییەکان بە ئیسلام و هەوڵی دەستبەسەرداگرتنی فەرەنساوە

ببەستێتەوە. ئەم هەڵوێستانە هەموویان لە چوارچێوەی هەوڵی شێواندنی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ناڕەزایەتییەکان و لاوازکردنی هاوپشتیی نێوان توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگادان، بەڵام تائێستا ئەم هەوڵەیان ناکام ماوەتەوە.

قوتابیان لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا خواستەکانیان بە ڕوونی خستووەتە بەردەم حکومەت. لەوانە: زیادکردنی مامۆستا و کارمەندانی قوتابخانەکان، کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابیان لە پۆلەکان، چاککردنەوەی بینا کۆن و خراپەکان، باشترکردنی هەلومەرجی خوێندن، گۆڕینی بنەڕەتیی سیستەمی پارکۆرسۆپ، باشترکردنی یارمەتیی داراییی قوتابیان، ڕێکخستنی کاتی وانە و پشوودان و زیادکردنی بودجەی خوێندنی گشتی. ڕێکخراوەکانی قوتابیان پێیانوایە جێبەجێکردنی ئەم خواستانە پێویستی بە نزیکەی ١٠ ملیار یۆرۆ بودجەی زیادە هەیە.

ناڕەزایەتییەکانی خوێندکاران، بەهۆی خۆدزینەوەی حکومەت لە چارەسەری قەیرانەکە، لە چوارچێوەی قوتابخانەکان تێپەڕی و سەرتاسەری فەرەنسای گرتەوە. ڕۆژی سێشەممە ٦ی ئۆکتۆبەر، بەپێی ئاماری ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکان، نزیکەی نیو ملیۆن کەس بەشداریی خۆپیشاندانەکان کردووە؛ لە پاریس بە تەنیا نزیکەی سەد هەزار کەس ڕژاونەتە سەر شەقامەکان. ئەم بەشدارییە فراوانە نیشانەی ئەوەیە کە ناڕەزایەتییەکان لە خواستە تایبەتەکانی قوتابیانەوە بەرەو ناڕەزایەتییەکی گشتیتر گەشە دەکەن.

دروشمەکانی خۆپیشاندەرانیش ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی و سیاسیی ئەم ناڕەزایەتییانە دەردەخەن: «پارە بۆ خوێندن، نەک بۆ سەرکوتکردن»، «پۆلیسی کەمتر، پارەی زیاتر بۆ خوێندن»، «دژ بە ڕەگەزپەرستی و ڕاستیی توندڕەو»، « نا بۆ توندوتیژی»، «حکومەت دەبێت وەڵامی خواستەکانمان بداتەوە» و «بژی کۆمۆن». ئەم دروشمانە تەنیا لەلایەن ئەو قوتابیانەوە بەرز ناکرێنەوە کە سەر بە حزبێکی سیاسیی دیاریکراون؛ بەڵکوو ئەزموونی نایەکسانی و نادادپەروەریی کۆمەڵگا، بەشێک لە نەوەی نوێی لاوانی بەرەو ڕەخنەگرتن لە سیستەمی سیاسی و ئابووریی باڵادەست دەبات.

ئەم ناڕەزایەتییانە لە سیستەمێکدا سەریانهەڵداوە کە بەرژەوەندیی سەرمایەداران و مانەوەی دەسەڵاتی سیاسی لەپێش پێداویستییەکانی کۆمەڵگاوە دادەنێت. کاتێک حکومەت بودجەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان کەم دەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا خەرجییەکانی پۆلیس، سەرکوت و کەرتە ستراتیژییەکانی خۆی زیاد دەکات، ئیتر ناڕەزایەتیی قوتابیان بە ئاسانی لە چوارچێوەی پرسەکانی تایبەت بە خوێندن قەتیس نامێنێتەوەو بەرەو ئەوە دەچێت کە خواست و مەسەلەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دیکە بهێنێتەگۆڕێ.

بەهۆی فراوانبوونەوەی ناڕەزایەتیەکانی خوێندنکاران بەوەی کە زیاتر لە ١٩٠٠ خوێندنگا لە کۆی ٣٧٠٠ خوێندنگا دەرگاکانیان داخران، کە دەکاتە نزیکەی نیوەی قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکانی فەرەنسا، بۆیە حکومەت ناچاربوو کە بۆماوەی هەفتەیەک سەرجەم خوێندنگا ئامادەییەکان دابخات. بەڵام سەرەڕای ئەوە فشاری ناڕەزایەتییەکان حکومەتی ناچار کردووە لەبارەی چارەسەرەکانەوە گفتوگۆ بکات. بەپێی ڕاپۆرتەکان، سێباستیان لیکۆرنو، سەرۆکوەزیرانی فەرەنسا، داوای لە وەزیرەکان کردووە پێشنیاری چارەسەر تا کۆتایی ئۆکتۆبەر ئامادە بکەن. هەروەها باس لە بانگهێشتکردنی لۆران نونێز، وەزیری ناوخۆ، و ئیدوارد جۆفری، وەزیری پەروەردە، بۆ لێپرسینەوە لە ئەنجومەنی نیشتمانی کراوە. حکومەت بەڵێنی داوە بودجەی پەروەردە بە نزیکەی ١.٢ ملیار یۆرۆ زیاد بکات و لە بوارەکانی دامەزراندنی مامۆستا، چاککردنەوەی بیناکان و گۆڕانکاری لە سیستەمی پارکۆرسۆپدا هەنگاو بنێت. بەڵام ئەوەی گرنگە، ئەوەیە کە تا چەند ئەم بەڵێنانە لە قسەوە دەگوازنەوە بۆ کردار و وەڵامی ڕاستەقینەی خواستەکانی قوتابیان دەدەنەوە.

سەرەڕای ئەو بەڵێنانەی حکومەت، خۆپیشاندانەکان هێشتا بەردەوامن و ڕۆژی ٨ی سێپتێمبەر، چەندین ناوچەی دیکەی فەرەنسای گرتەوە. هاوپشتییەکان بۆ قوتابیان ڕوو لەزیادبوون دەکەن. ڕێکخراوە قوتابی و خوێندکارییەکان بانگەوازیان کردوە بۆ مانگرتن و خۆپیشاندان لەڕۆژی ١٣ی ئۆکتۆبەردا.

بێگومان ئەم قەیرانە تەنیا فەرەنسا ناگرێتەوە. لە ئیسپانیا، ئیتاڵیا، ئەڵمانیا، بەریتانیا و چەند وڵاتێکی تری ئەوروپاشدا، ناڕەزایەتیی جۆراوجۆر لە دژی گرانی، کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بێکاری، نایەکسانی و خراپی هەلومەرجی ژیان هەیە. لە زۆرێک لەم وڵاتانەدا، قەیرانی ئابووری و سیاسی لەگەڵ یەکتر گرێدراون و فشارەکانیان زیاتر لەسەر کرێکاران و توێژە کەمدەرامەتەکانی کۆمەڵگایە.

زۆربەی حکومەتەکانی ئەوروپا بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندیی سەرمایەداران کە ئێستا لە دۆخێکی قەیرانی ئابووریدا گیریان خواردووە، فەزایەکی جەنگیان بەسەر کۆمەڵگادا داسەپاندووەو بۆ ئەو مەبەستەش دەستیان کردوە بە تەرخانکردنی بودجەیەکی گەورە بۆ چەک و تەقەمەنی و سیاسەتە سەربازییەکانیان، بارگرانیی قەیرانەکەو خەرجی ئەم جەنگخوازیەیان دەخەنە سەر شانی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و زۆربەی خەڵک. ئەنجامەکەشی، هەژاری و گرانی و بێکاری و لاوازبوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و زیادبوونی سەرکوتە. بۆیە ناڕەزایەتییەکان تەنیا لەنێو قوتابیاندا نامێننەوە؛ بەڵکوو لەنێو کرێکاران، مامۆستایان، پەرستاران،

کارمەندانی نەخۆشخانەکان، خانەنشینان، ژنان، لاوان و پەنابەرانیشدا سەریانهەڵداوە.

نموونەیەکی گرنگی ئەم بارودۆخە لە ئیسپانیا ڕوویدا؛ کاتێک لە ٢٣ی سێپتەمبەردا دەرکردنی ماری کارمێن، ژنێکی ٨٧ ساڵەی کرێچی لە شوقەکەی کە بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ تێیدا ژیابوو، بووە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکی فراوان لە دژی کێشەی خانووبەرە و کرێی زۆر. هاوپشتیی خەڵکی کرێکار و کەمدەرامەت لەگەڵ ئەو ژنەدا بە خێرایی فراوان بووەوە.

لە وڵاتانی تری ئەورووپاشدا، ناڕەزایەتییەکان شێوەی جیاوازیان هەیە، بەڵام لە بنەڕەتدا زۆربەیان پەیوەندییان بە هەمان کێشەی گشتییەوە هەیە: لە فەرەنسا ناڕەزایەتی لە دژی خراپیی سیستەمی پەروەردە و کەمبودجەیی خزمەتگوزارییەکانە؛ لە ئیسپانیا کێشەی خانووبەرە و کرێ و نایەکسانییە؛ لە بەلجیکا و ئیتالیاش بەشێک لە ناڕەزایەتییەکان پەیوەندییان بە پەروەردە و دۆخی خزمەتگوزارییە گشتییەکانەوە هەیە. هەر ئەمەشە وایکردووە ناڕەزایەتییەکانی ئێستای فەرەنسا و ئیسپانیا و .. بەخێرایی فراوان دەبێتەوەو لە خواستی بەشێکی کۆمەڵگاوە بەرەو خواستی سەراسەری و چین و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگا تەشەنە بستێنێ و تەنانەت مۆرکی سیاسیش بەخۆوە بگرێت. بۆنموونە دروشمەکانی دژی خەرجییە گەورەکانی پۆلیس، دژی ڕەگەزپەرستی و لە پشتیوانیی یەکسانی و کۆمۆن، نیشانەی ئەوەیە کە بەشێک لە خەڵک تەنیا داوای چاکسازییەکی سنووردار ناکەن، بەڵکوو پرسی ئەوەش دەخەنە ڕوو کە بودجە و سامان و توانای کۆمەڵگا بۆ بەرژەوەندیی کێ و بۆ کام ئامانج بەکاردەهێنرێت.

بۆ کرێکاران و کۆمۆنیستەکان و ئەو نەوەیەی لاوان کە بەدوای دنیایەکی یەکسانتر و ئازادتر دەگەڕێن، ئەم ناڕەزایەتییانە دەرفەتێکن بۆ خستنەژێرپرسیاری بنەماکانی سیستەمی سەرمایەداری. کاتێک لە خۆپیشاندانەکاندا سرودی «ئەنتەرناسیۆناڵ» دەگوترێت، وێنەی مارکس بەرز دەکرێتەوە یان دروشمی «بژی کۆمۆن» دەبیسترێت، ئەمە دەربڕینی ئەو ئارەزووەیە کە دنیایەکی جیاواز لە دنیای ئەمڕۆ دەخوازێت؛ دنیایەک کە تێیدا یەکسانی و خۆشگوزەرانیی مرۆڤەکان لە پێش قازانج و بەرژەوەندیی سەرمایەدارانەوە بێت، و مرۆڤایەتی لە جەنگ و کوشتار و هەژاری و سەرکوت دوور بێت.

لە کۆتاییدا، گرنگیی ناڕەزایەتییەکانی فەرەنسا لەوەدایە کە نیشان دەدەن کێشەی پەروەردە و مافی قوتابیان لە کێشەکانی دیکەی کۆمەڵگا جیا نییە. ئەو کاتەی حکومەت نەتوانێت وەڵامی پێداویستییە سەرەتاییەکانی خەڵک بداتەوە و لە جیاتی چارەسەرکردنی کێشەکان پەنا بۆ سەرکوت ببات، ناڕەزایەتییەکان دەتوانن فراوانتر ببنەوە و ببنە ئاستی ڕەخنەگرتن لە هەموو سیستەمی دەسەڵات. لەو ڕووەوە، هاوپشتیی نێوان قوتابیان، کرێکاران و هەموو توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگا گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە بۆ خەبات دژی نایەکسانی و بۆ دروستکردنی دنیایەکی باشتر و دادپەروەرانەت

# دەربارەی کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا!

## نووسینی: عەبدوڵا مەحمود

کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق و کوردستان، کاردانەوەی جۆراوجۆر و جیاوازی بەدوای خۆیدا هێنا. لەسەر ئاستی عێراقدا، زۆربەی هێزە سیاسییەکان عێراق، کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکیان بەڕۆژی سەروەری و گێرانەوەی ئیرادە بۆ گەلی عێراق وێناکرد، لە ئاستی کوردستاندا، زۆربەی هێزە سیاسییەکان ئەم ڕوداوەیان بە ناوەخت و زانی و نیگەرانی و هەراسی خۆیان لەم هەنگاوەی ئەمریکا خستەڕوو.

هێزە سیاسییە عێراقیەکان کە زوربەیان سەر بە جەمسەری ئێرانن، دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا بەسەرکەوتنی ئێران و هاوکاتیش بە ئازادبوونی خۆیان دەزانن لەگوشارە بەردەوامەکانی ئەمریکا. جیا لەوانە ئەم جێهێشتنەی هێزەکانی ئەمریکا بالانسی دەسەڵات و هێز لە ئاستی عێراق و ناوچەکەدا بە سودی ئێران دەگۆڕێت. لەسەر ئاستی ناوچەکەش دەرفەتی زیاتر بە ئێران دەدات کە دەستوەردانەکانی لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکە زیاد بکات و دەست بە کێبەرکێی و ململانێی خۆی لە پێناو بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ جەمسەرە ناوچەییەکان بگرێت. ئێران کە دەمێکە بوونی هێزەکانی ئەمریکای وەکو داگیرکاری دەزانی و خوازیاری کشانەوەی ئەو هێزانە بوو، تەنانەت یەکێک لە مەرجەکانی بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ ئەمریکا لە جەنگدا، دۆسیەی کشانەوەی ئەو هێزانەیە لەناوچەکە، ئێستا بەچوونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا، دەتوانێت تەپڵی سەرکەوتن لە ململانێیەکی ناوچەییدا لێبدات. لەسەر ئاستی عێراقیش، ئێران کشانەوەی ئەو

هێزانە بە باڵادەستی خۆی بەسەر ئەو هێزانەدا دەزانێت کە لایەنگری لە ئەمریکا و غەرب دەکەن. هاوکاتیش وەکو درەفەتێک تەماشای دەکات کە باڵادەستی و هەژموونی خۆی بەسەر دەسەڵاتی هەرێمدا زیاتر و فراوانتر بکات.

بۆ دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا مایەی نیگەرانی و هەراسانیە. دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی بەپلەی یەکەم لە ژێرسایە و بەپشتیوانی ئەمریکا، لە ساڵی ١٩٩١ وە توانیویەتی هەژموونی خۆی بەسەر خەڵکی کوردستان و هەرێمدا بسەپێنێت. کشانەوەی ئەمریکا وەکو کۆتایی بەو دەورە دوور و درێژەو هاوکات وەکو پشتتێکردن لە خۆی دەزانێت. هاوکات کۆتایی بوونی سەربازی ئەمریکا، بە هاوشێوەی کشانەوەی ئەو هێزانە لە کوردستانی سوریا و دەزانێت و ئەگەری دوبارە بوونەوەی دۆخی سوریا لە عێراقدا، دەبینێ. کەم نین ئەوانەی کە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا وەکو کۆتایی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی و ئەزموونی چەند دەهەی هەرێمی کوردستان دەزانن.

کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا، گورزێکی کەمەرشکێنە لە بزوتنەوەی کوردایەتی. بەتایبەتی بۆ پارتی و یەکێتی، کە هەم لەرێگای ئەمریکا و سیاسەتەکانی بەدەسەڵات گەیشتوون و هەم پشتیوانی ئەمریکا لەچوارچێوەی بەرژەوەندیەکانیدا تا رادەیەکی زۆر بۆتە هۆی پاراستنیان و بەرگری لێکردنیان لە ململانێی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی. کشانەوەی ئەو هێزانە ئەم پایانە دەروخێنێت. بۆیە نیگەرانی بزوتنەوەی کوردیەتی لەو پێشهاتە، هەرەشەی داعش و بۆشایی ئەمنی نییە کە زۆرێک لە بەرپرسانی سیاسی کورد بەدەستیەوە دەگرن، بەڵکو گۆرانی باڵانسی هێزە لە نێوان دەسەڵاتی ناوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی خۆجێیی جووت بنەماڵەی دەسەڵات لە هەرێمدا.

پێگەی بزوتنەوەی ناسیونالیستی کورد، لە کوردستانی عێراقدا، تا دێت بەرەو تەریک بوون دەروات. تیکەڵ بوونەوەی هەسەدە لەگەڵ حکومەتی سوریا، کۆتایی ئەزموونی کوردستانی سوریا، کە لەلایەکەوە پێگەی بزوتنەوەی کوردایەتی بەتەواوەتی بەرەو لاوازی بردوە و لەلایەکی تریشەوە پرس و کێشەی کوردی لە ئاستی ناوچەکەدا زۆر لاوەکی کردۆتەوە... لەچواچێوەی ئەو گۆرانکاریەدا کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق و بەتایبەتی کوردستان، مۆتەکەی سەر ئایندەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتییە.

پشتیوانی ئەمریکا لە "دەوڵەت- نەتەوە" کان، و دەسەڵات و حکومەتەکان لە ناوەند لە هەلومەرجی ئێستادا، خۆی ئاڵوگۆرێکە، ئاڵوگۆرێک کە هێزە خۆجێیەکان ئەو جێگەیان بۆ ئەمریکا وەکو کارتێک لە بەرامبەر دەوڵەتە مەرکەزیەکاندا نەماوە. ئەوە وا وادەکات دەسەڵاتە خۆجێییەکان بەدوای دەوازەو رێگاچارەی تردا وێڵ بن.

بۆ حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی دەرفەت تەنها یان بەپلەی یەکەم تیکەڵ بوونەوە لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندە لە عێراقدا و بوارێک بە بەرەنگارییەکی بەرجەستە نییە، بەتایبەت کە دەسەڵاتی حزبۆکراتی و بنەماڵەیی و میلیشیایی بۆرژوازی کورد، بە کارنامەیەکی نەنگین کە زیاتر لە ٣ دەهەیە ئەنجامیداوە، ناکۆکیەکی قوڵ و چارهەڵنەگری لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا هەیە و متمانەی خەڵک بە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، بەتەواوەتی دارماوە... پارتی و یەکیتی لە زیاتر لە سێ دەهەی دەسەڵاتداریتیدا، بەتەواوەتی کەوتونەتە بەرامبەر بە ئاسۆ و ویست و خواستە زۆر سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستانەوە، و لەوەش زیاتر نەیانتوانی تەنانەت هێزێکی سەربازی ئەوتۆ دروست بکەن کە لەدۆخێکی لەوجۆرەدا بتوانێ پارێزگاری لەدەسەڵاتەکەشیان بکات بەرامبەر بە حکومەتی ناوەندی. نیگەرانی



و هەراسی بزوتنەوەی کوردایەتی و پارتی و یەکێتی، لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەو واقعیەتانەدایە. نمایشی یەکخستنی هێزی پێشمەرگە، چڕکردنەوەی هەوڵەکانیان بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتێکی نمایشی، لە ئێستادا، هەوڵێکی بەرگریکارانەیە بە رووی دۆخی ئێستاو ئەو ئاڵوگۆرانەی بەم دوایانە پێکهاتوون.

بەهۆی پاشەکشەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکاوە لە عێراق و کوردستان، دەرفەت بۆ باڵادەستی ئێران و هێزە پاشکۆکانی زیاتر دەبێت و دەستوەردانی لە دۆخی عێراق و هەرێمدا زیاتر دەبێت... ئەو دۆخەش ئاڵوگۆر دەخاتە بەردەم ئاییندەی سیاسی کوردستان.

دەسەڵاتی بۆرژوازی لە عێراقدا، کە دەسەڵاتێکی قەومی و مەزهەبی و تایفیی و ناکۆک بە مافی هاوڵاتی بوون و هەموو پرانسیپێکی مەدەنی و سەردەمییە، دەیەوێت هەژموونی خۆی بەسەر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و هاوکات بەسەر خەڵکی کوردستان و ئایینده سیاسیەکەیدا بسەپێنێت، لەو نێوەدا کەڵک لەناڕەزایەتی خەڵکی کوردستان لە دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی و قڵشتی نێوان دەسەڵات و خەڵکی کوردستان وەردەگرێت.

ئەوەی کە گرنگە، کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا چ لە عێراق و چ لە

کوردستان، لەلایەن خەڵکی ئازادیخواز و هوشیاری سەرتاسەری عێراق و کوردستانەوە، هەنگاوێکی ئیجابییە بەرووی دۆخی سیاسی عێراق و کوردستاندا. هیچ کەسێکی هوشیار و ئازادیخواز لەگەڵ بوونی هێزی سەربازی و دەستوەردانی دەرەکی و پێشێلکردنی ئیرادەی سیاسی چینی کرێکار و خەڵکی بەشمەینەتدا نییە...خەڵکی ئازادیخوازی عێراق و کوردستان، لە دۆخێکی ئارامتردا بەبێ پاساوی هەڕەشەی ئەمنی، بوونی هێزی دەرەکی، یان پاساوی هێزە میلیشییایەکان" بەرەی مقاوەمە"، دەتوانن خەباتی خۆیان لەدژی دەسەڵاتی بۆرژوازی عەرەب و کورد لێک هەڵپێکن.

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و ئەو حزب و لایەنە سیاسیانەی کە ناکۆکی و نەفرەتێکی قوڵیان لەدەسەڵاتی بنەماڵەیی و میلیشیایی و حزبی جووت بنەماڵەی پارتی و یەکێتی هەیە، نابێ هیچ خۆشباوەڕیەکیان بەدەسەڵاتی قەومی و تایفی و مەزهەبی عێراق هەبێت، کە ژیان و گوزەران و ئایندەی خەڵکی کوردستان بەرەوباشی ببات. کارنامەو پەرێزی دەسەڵاتی ناسیونالیستی و تایفی ئیسلامی عێراق، پاکتر لەهی بزوتنەوەی کوردایەتی نییە. بۆیە چۆن دەبێ دژی بوونی هێز و دەستێوەردانی دەرەکی بن، ئاواش ئەرکیانە بەدژی هەژموون و باڵادەستی دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر هەرێمدا پشت بە هێزی ڕێکخراو یەکگرتووی خۆیان ببەستن و ئامادەی پڕ کردنەوەی هەر بۆشاییەکی ئەمنی بن کەبەهۆی ئاڵوگۆڕکانی ناوچەکە و لێکەوتەکانی پێکهاتووە و پێکدێت. وە پێویستە دژی گێرانەوەی هەژموونی سیاسی و دەسەڵاتی ناوەندی بن بەسەر هەرێمدا، ئەوە چ لەلایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە بەڕێوەبچێت یان بە سازش و تێکەڵ بوونەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد، لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا...

**ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦**

# ڕاپۆرتێک لەسەر مەراسیمی ڕێزلێنان لە هاوڕێ مستەفا یونسی لە شاری تۆرنتۆ لە کەنەدا!



ڕۆژی شەممە ٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦، کۆمیتەی ڕێکخستنی کەنەدای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، لەناو کۆڕی هاوڕێیانی حزبی و دۆست و ئاشنایانی لەشاری تۆرنتۆ لە کەنەدا، مەراسیمێکی ڕێزلێنانی بۆ خەبات و ژیان و تێکۆشانی بۆ هاوڕێی ئازیز مستەفا یونسی کادری بەرجەستەی حزب و ڕاوێژکاری کۆمیتەی کەنەدای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەڕێوەبرد .

سەرەتای مەراسیم بە سرودی ئەنتەرناسیۆناڵ و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزنان لە ژیان و خەباتی هاوڕێ مستەفاو هاوڕێیانی گیانبەختکردوی ڕێگای ئازادی و سوشیالیزم دەستی پێکرد. پاشان هاوڕێ ئاراس ڕەشید بەرپرسی کەنەدای کۆمیتەی ڕێکخستنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، وتەی کۆمیتەی پێشکەش کرد. لە ووتەکەیدا ئاماژەیدا بە دەروو نەخشی هاوڕێ مستەفا وەکو کۆمۆنیستی پەیگیر و ماندوونەناس و و خاوەن بڕوای قایم بە خەباتی ڕێکخراوی کۆمۆنیستی و هەروەها کادرێکی کۆمۆنیستی کرێکاری و تێکۆشەرێکی جدی بۆ بەدیهێنانی دنیایەکی باشتر. پاشان هاوڕێ عادل ئەحمەد بەرپرسی ڕێکخراوی دەرەوەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقی خوێندەوە کە بەوبۆنەوە بڵاوکرابووەوە.

لە بەشێکی دیکەی مەراسیمەکەدا پەیامی حزب و لایەنەکان خوێنرایەوە کە بۆ مەراسیمەکە ناردبوویان. هەروەها هاوڕێ جەلال سەعید بەرپرسی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی لەکەنەدا، وتەیەکی پێشکەش کرد و تێیدا ئاماژەی بەرۆڵی هاوڕێ مستەفا کرد وەکو کەسێکی چالاکا هەڵسوڕاوی فیدراسیۆنی پەنابەرانی عێراقی و هاوکاریکردن و پشتیوانیکردنی لە دۆسیەی پەنابەران کرد. دواتر هەندێ هاوڕێ و دۆستی هاوڕێ مستەفا یادگاریەکانی خۆیان لەگەڵ هاوڕێ مستەفا بۆ ئامادەبووان گێرایەوە.

لە چوارچێوەی مەراسیمەکەدا کلیپێکی ڤیدیۆیی بە مۆسیقا و وێنە و ڤیدیۆوە بەشێک لەژیان و تێکۆشان و هەڵسوڕانی هاوڕێ مستەفا یونسی نیشاندرا، کە لەلایەن هاوڕێ کاوان قادرەوە ئامادەکرابوو بەدەنگی هاوڕێ دیار بەرزنجی ژیاننامەکەی تۆمارکرابوو.

شایانی باسە مێزکتێبی حزب کە بڵاوکراوەکانی حزب و کتێبی جۆراوجۆری تێدابوو، بەشێکبوو لە سیمای ناو هۆڵی مەراسیمەکە. لە کۆتاییدا بە سرودی ئینتەرناسیۆنال کۆتایی بە مەراسیمە هێنرا.

# بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

## سەبارەت بە دۆخی سیاسی کوردستان

دۆخی سیاسی کوردستان لەناو بنبەست و گێژاوێکی کوشندەدا گیری خواردوە. هەلومەرجی ژیان و گوزەران و ئایندەی سیاسی خەڵک لەژێرسایەی دەسەڵاتی دوو حزبی میلیشیایی بنەماڵەییدا بەرەو ویرانی و دارمان چووە. قەیرانی ئابوری کەمەرشکێن، پوکانەوەی خزمەتگوزاریە گشتیەکان، نەبوونی بیمە کۆمەلایەتیەکان، بێکاری فراوان، نەدان و دواخستنی مووچەی کرێکاران و کارمەندان، گرانی و سەپاندنی چەندین جۆر باج و سەرانە بەسەر خەڵک و کاسبکاراندا و فروانکردنەوەی هەژاری، کەمەری خەڵکی کوردستانی چەماندوەتەوە. سەرەرای ئەوە هەردوو حزبی بنەماڵەیی لەناو بێئاسۆیی و قەیرانی سیاسیدا گیریان خواردوە. نزیک بە دووساڵە هەڵبژاردنی پەرلەمان کراوە، بەلام تائێستا نەیانتوانیوە لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی کارتۆنی هاوبەش پێکبێن.

دابەشبوونی یەکێتی و پارتی بەسەر کارەکتەرە ناوچەییەکانیدا( ئێران و تورکیا) ، بەتایبەتی لەم دۆخە نادیارە سیاسیەی ناوچەکەدا کە بەهۆی شەڕ و ململانێی ئەمریکاو ئیسرائیل لەگەڵ ئێراندا هاتوتە ئاراوە و هەلومەرجی سیاسی- ئەمنی- ئابوری ناوچەکەی رووبەرووی گۆرانکاری گەورە کردوتەوە، وایکردوە کە نەتوانن لەسەر دابەشکردنی دەسەلات و پۆستە ئیداریەکان لەنیوان خۆیاندا رێکبکەون. بەکردەوە دەسەلاتی دوو ناوچەو دوو زۆن پەیرەو دەکەن. تەنانەت لە پەیوەند لەگەڵ حکومەتی ناوەندیدا وەکو دەسەلاتداری ناوچەی سەوزو زەرد مامەڵە دەکەن و پەیوەندی و کۆبونەوەکانیان بەشێوەی حزبی، نەک حکومی، لەگەڵ حکومەتی ناوەند و بەرپرسانی بەغدا ئەنجام دەدەن! بەوجۆرە لەناو بێئاسۆیی سیاسیدا گیریانخواردوەو چاوەروانی گۆرانکاریەکانی ناوچەکە ئەکەن!

بەشێوەیەکی گشتی لەئاکامی ئەم گۆرانکاریانەوە، بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لە ناوچەکەدا لە گێژاودایە، پاشەکشەی کردوەو پێگەی لە هاوکێشە سیاسیەکاندا لاوازبووە. لەسوریا دوای ئەوەی ئەمریکا پشتیوانیەکانی خۆی لە هێزەکانی هەسەدەوە گواستەوە بۆ حکومەتەکەی ئەحمەد شەرع، ناچاربوون دەستبەرداری هێزو دەسەڵاتیان ببن و بچنە ناو حکومەتی ئیسلامی- عروبی سوریاوە! لە تورکیا پەکەکە بەتەواوی بنبەست و بێئاسۆ بووە و لەژێر فشار و لەسەر داواو پێداگری رێبەرەکەی رادەستی دەسەلاتی دەوڵەتی تورکیا بووە!

لە کوردستانی ئێران دوای شکستی پرۆژەی بوون بە لەشکری پیادەی ئەمریکاو ئیسرائیل، چارەنوسێکی سیاسی نادیار چاوەرێیان دەکات. لە عێراقیش بەهەمانشێوە پارتی و یەکێتی لەبنبەست و بێئاسۆیی سیاسیدا رۆژەکانی تەمەنیان دەگوزەرێنن و ئاراستەی رووداوەکان بەرەو ئەوە دەچێت حکومەتی ناوەندی زیاتر کۆنترۆلی خۆی بەسەر هەرێمدا قایمتر بکات.

پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق لەکاتێکدا کە هێشتا پرسی شەڕی لەگەڵ ئێراندا یەکلایی نەبۆتەوە، بەمانای جێهێشتنی عێراق نیە بۆ ئێران، بەڵکو ململانێکان لەسەر ئایندەی سیاسی عێراق بەشێوەیەکی توندتر دەچنەپێشەوە. ئەگەر ئێران هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات تا عێراق وەکو حەوشەی پشتەوەی هێزو نفوزی لە ناوچەکەدا بمێنێتەوە، ئەوا ئەمریکاش لەرێگای توندکردنەوەی فشارە سیاسی و ئابوریەکانەوە هەوڵ دەدات هەژمونی خۆی بەسەر دەوڵەت و دۆخی سیاسی عێراقدا بسەپێنێت. لەم چوارچێوەیەدا رووی لە بەهێزکردنی پایەیەکانی حکومەتێکی ناوەندی کردوە. کشانەوەکەشی لە کوردستان، لەگەڵ ئەوەدا مانای دەستبەرداربونی لە حزبەکانی کوردایەتی نیە و هێشتا کاری پێیان ماوە، بەلام دەرەنجامەکەی بە لاوازبوونی پێگەی سیاسی ناسیۆنالیزمی کورد دەگات و ئایندەی حکومەتی هەرێم لێڵ و تاریکتر دەبێت!

بێگومان یەکێتی و پارتی بەشێوەی سیستماتیک هەوڵدەدەن ئاسەواری ئەو گێژاوەی تیایدا چەقیون و ئاکامەکانی ئەم دۆخە هەڵواسراوە سیاسیە لە هەموو بوارەکانی ئەمنی، سیاسی، ئابوریدا بەسەر خەڵکی کریکار و بەشمەینەتی کوردستاندا بشکێننەوە. ئەمەش کاریگەری زۆری بووە لەسەر لێڵبوونی ئایندەی ژیانی خەڵک و لەپاڵ کاریگەریەکانی شەر و ململانێی نێوان ئەمریکا- ئیسرائیل لەگەڵ ئێران، ئەوەندەی دیکە ئەو دۆخەی خراپتر و تاریکتر کردووە. یەکێتی و پارتی، سەباری سەپاندنی دۆخێکی سەختی ژیان و بێبەشی و هەژاری بەسەر خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشدا، هاوکات فەزای جەنگەکەیان قۆستۆتەوە بۆ توندکردنەوەی سەرکوتی سیاسی و خنکاندنی هەر دەنگێکی نارازی و رێگاگرتن و داپلۆسینی

هەرجۆرە نارەزایەتیەکی جەماوەری دژی دەسەڵاتەکەیان و دژی ئەو بێمافی و ستەمەی کە بەسەریاندا سەپێنراوە.

لەلایەکی دیکەوە هێزەکانی ئۆپۆزیسۆنی بۆرژوازی، بە ئیسلامی و ناسیۆنالیستەوە، وەکو خزمەتکار و ڕاوێژکاری سیاسی یەکێتی و پارتی ڕەفتاردەکەن و هیچ پەیوەندیەکیان بە مەسەلەو خواستەکانی جەماوەری زەحمەتکێش و ستەملێکراوی کوردستانەوە نیە. تەنها بەشوێن ئەوەوەن کە لەو خوانەی دەسەڵاتی گەندەڵ و چەتەگەری بارزانی و تاڵەبانی لەبەردەمیاندا دایانناوە، بەشی خۆیان بخۆن!

بەمجۆرە چ دەسەڵاتی میلیشیایی- بنەماڵەیی کورد و چ ئۆپۆسیۆنی بۆرژوازی ناسیۆنالیستی و ئیسلامی، لە بنبەستێکی واقعیدا بەسەردەبەن. بەڵام بەشیک لە بورژوازی هێشتا دەیەوێ دەرچون لەم مەرگەساتەی خەڵک ببەستێت بە ڕێککەوتنی یەکیتی و پارتیەوە. ئەمە ئاراستەیەکی کۆنەپەرستانە و دژی خەڵکیە. هیچ ئومێدیک بۆ باشتربونی ژیانی خەڵک نە لە ڕێکەوتن و نە لە ناکۆکی دوو حزبی دەسەڵاتداردا نیە. لە هەموو ئەگەرەکاندا ئەوان تەبان لەسەر بێدەرەتانکردنی خەڵک. گشت کارکردی ٣٥ ساڵەی دەسەڵاتیان ئەمەی سەلماندوە. بە داتەکاندنی گیرفانی خەڵک و سەپاندنی نەهامەتی هەمەجۆر، سامانی بێسنور و ژیانی شاهانەیان بۆ خۆیان و خێزان و نەوەکانیان مسۆگەر کردوە و ژیان و گوزەرانی خەڵکیان بەرەو وێرانبوون و کارەسات بردوە.

بەشیکی تری بورژوازی کورد ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەیەوێ مەیلی گەڕانەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی ناوەندی، وەکو ڕێگایەک نیشانبدات بۆ دەرچوون لە بنبەستی ئێستا و شکاندنی تەوقی دەسەڵاتی دوو بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی. بۆ ئەمە مژدانەی ئەوە بە خەڵک دەدەن کە بەوجۆرە کێشەی گرانی و مووچە و سوتەمەنی و.. ئەم جۆرە شتانە چارەسەر دەبێت. ئەمە مەیلێکی شکستخواردوە، بۆ ڕزگاربون لە دەسەڵاتی بنەماڵە پەنا دەبات بۆ دەسەڵاتێکی کۆنەپەرستتر. دەسەڵاتی ئیسلامی تائیفی-ناسیۆنالیستی تا سەرمۆخ کۆنەپەرستانەی عیراق ناتوانێ ڕزگارکەر و جیگای ئومێدی خەڵکی کوردستان بێت. شەڕی دەرهاتنی خەڵکی کوردستان لە نەهامەتیەکانی ئێستا هەر لێرەیە؛ لە کوردستان، لەگەل بارزانی و تاڵەبانیەکان. ڕێگاچارە کۆتایهێنانە بە دەسەڵاتی ستەمکاری بنەماڵەیی، دوای ئەوە دەسەڵاتێکی سەرچاوەگرتوو لە ئیرادەی خەڵکەوە دەتوانێ لە روانگەی بەرژەوەندی خەڵکەوە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی دیاری بکات.

**لەسەر بنەمای ئەوانە و بەوپێیەی کە:**

١/ دەسەڵاتی میلیشیایی دوو بنەماڵە کابوسێکە ناکۆکی لە چارە نەهاتوی لەگەڵ خواست و ویست و ئاواتەکانی خەڵکی شارستانی کوردستان هەیە و هەر رۆژێک مانەوەی دەبێتە هۆی قوڵکردنەوەی زیاتری کوێرەوەری ژیانی خەڵک و تاریکردنی ئایندەی سیاسی کوردستان.

٢/ دابەشکردنی کوردستان بەسەر دوو ناوچەی نفوزی چەکداری- سیاسیدا هاولاتیانی هەرێمی کوردستانی بێبەشکردوە لە پێناسەیەکی هاوبەشی یاسایی هاولاتی و پێناسەیەکی ناوچەیی پێبەخشیوون. بەوجۆرەش لەرووی خزمەتگوزاری و مافەکانیانەوە جیاوازی لەنێوانیاندا دروستکردوەو ئەوەشی کردۆتە بابەتێکی سیاسی بۆ دروستکردنی کینە و ناکۆکی لەنێوان هاولاتیانی زۆنی سەوزو زەردا.

٣/ ئەم دەسەڵاتە دوو زۆنیە، ژیانی خەڵکی لە دوو ناوچەی دەسەڵاتیاندا کردۆتە بارمتە بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتی میلیشیایی بنەماڵەیی و مافیایی خۆیان.

٤/ بوونی دوو ناوچەی دەسەڵات و نفوزو ململانێی نیوان هەردوو حزبی فەرمانڕەوا دەرفەتی ئەوەی ڕەخساندوە کە دەوڵەتانی ناوچەکە هەمیشە دەرفەتی دەستێوەردانیان هەبێ لە دۆخی سیاسی و ئەمنی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و نائارامکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان.

٥/ نەبوونی حکومەتێکی سەراسەری پستبەستوو بە ئیرادەی خەڵک ڕێگرە لەوەی پەیوەندیەکی سیاسی- یاسایی شەفاف لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا دابمەزرێنێ لەسەر بنەمای بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان. ئەمەش خەڵکی کوردستانی خستوەتە ناو گێژاوی ململانێی بەرژەوەندیە سیاسی و ئەمنیە کۆنەپەرستانەکانی هەردوو حکومەتی ناوەند و هەرێمەوە و ژیان وگوزەرانی خەڵک و ئایندەی سیاسی کۆمەڵگا بەرەو نابوتی دەبات.

٦/ شکستی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی لە بەدیهێنانی هەرجۆرە چاکسازیەکی سیاسی و ئابوری و بوونیان بە خزمەتکار و ڕاوێژکاری سیاسی و شەریکە بەشی یەکێتی وپارتی، بواری بۆ هیچ جۆرە خۆشباوەریەکی بە چاکسازی لە سیستەم و حکومەتی بۆرژوایی- میلیشیایی هەرێم نەهێشتوەتەوە.

تەنها ڕیگاچارەی دەرچون لە بنبەستی ئێستا و بوژانەوەی گوزەرانی خەڵک و دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی کوردستان لە ململانێ و شەڕ و جەنگی هێزە شەرکەرەکان و دەوڵەتانی ناوچەکە،لە هەنگاوی یەکەمدا گرێی خواردوە بە کۆتایهێنانی دەسەڵاتی بنەماڵەییەوە وەکو فۆرمیکی دەسەڵاتی چینی بورژوازی کورد. هاوکات دەبێ لەجێگای ئەو دەسەڵاتە بنەماڵەییە، دەسەڵاتێکی سیاسی سەراسەری یەکگرتوو پشتبەستوو بە ئیرادەی خەڵک لەسەر ئاستی هەموو کوردستان دابمەزرێ کە کۆتایی بە

دابەشبوونی ناوچەیی و دوو زۆنی ئێستا بهێنێت. دەسەڵاتێکی سیاسی و حکومەتێک کە لەسەر بنەمای بەشداری ڕاستەوخۆی خەڵک پێکبێت و بەرپرسانی حکومی لەهەموو پلەوپایەکاندا لەبەردەم جەماوەردا قابیلی لێپرسینەوە و لابردن بن. گونجاوترین و کارسازترین بەدیل حکومەتی کۆنگرەی سەراسەری شوراکانی کوردستانە. ئەم حکومەتە دەتوانێ هەنگاوی بەپەلە بنێ بۆ بوژانەوەی ژیانی خەڵک و دابینکردنی خواست و مافەکانیان، هاوکات شێوازی پەیوەندی سیاسی و یاسایی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەجۆرێک ڕێکبخات کە بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستان دەستەبەر بکات.

کۆتایهینان بە دەسەڵاتی بنەماڵەکانی بارزانی و تالەبانی لەڕێگای بەرێخستنی بزوتنەوەیەکی سیاسی جەماوەری شۆڕشگێڕانەوە مەیسەردەبێت کە سنوری سیاسی خۆی لەگەڵ ئەو بزوتنەوە و حزبە سیاسیە ناسیۆنالیستی و ئیسلامیانە جیابکاتەوە کە بوونەتە پاشکۆ و ڕاوێژکاری دەسەڵاتی بنەماڵەکان. بۆ ئەم مەبەستە پێویستە ڕێکخراوە جەماوەریەکانی کریکاران و خەڵکی ستەمدیدە لەهەموو ناوەندێکی کارو خزمەتگوزاری و گەڕەکێکدا پیکبهێنرێت. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بانگەوازی کرێکاران و ژنان و جەماوەری ناڕازی کوردستان و هەموو ئەولایەن و کەسایەتیە ئازادیخواز و پێسکەوتنخوازانە دەکات کە ئایندەیەکی گەشاوەو ئارام و ئازادیان بۆ خەڵکی کوردستان دەوێت، پیکەوە شانبەشان لە دەوری ئەم ئاسۆیە ڕێکخراو یەکگرتوبین و خەباتی خۆمان پەرەپیبدەین.

**مەکتەبی سیاسی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٦**

# بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق سەبارەت بە گیان لەدەستدانی هاوڕێ ساڵح هادی {ئەبو هەببە}



بە داخ و پەژارەیەکی قووڵەوە، هەواڵی گیان لەدەستدانی هاوڕێ ساڵح هادی {ئەبو هەببە}، ئەندامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق لە ڕێکخستنەکانی بەغدامان پێگەیشت کە ئەمڕۆ، پێنجی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٦، لە ئەنجامی خوێنبەربوونی مێشک، لە نەخۆشخانەی ( نەخۆشیەکانی مێشک- الجملة العصبية) لە شاری بەغدا دوا ماڵاوایی کرد.

گیان لەدەستدانەکەی کاریگەرییەکی ئازاربەخشی لە دڵی هەموو ئەو کەسانەدا بەجێهێشت کە دەیانناسی، هاوڕێی بوون و لە کاروانی تێکۆشاندا شانبەشانی دەجەنگان.

هاوڕێ ساڵح هادی پەیوەندی بە کۆنگرەی ئازادیی عێراقەوە کرد؛ کە لە مانگی ئازاری ساڵی ٢٠٠٥ دا دامەزرا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرش و داگیرکردنی عێراق و سیاسەتەکانی داگیرکاری لە لایەک و تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی لەلایەکی دیکەوە .ئەم دوو ڕەوتە ژیانی ملیۆنان کەسیان وێران کرد و شارەکانی عێراقیان کردە مەیدانی کوشتار و خوێنڕشتن.

لە ماوەی خەباتیدا لە ڕیزەکانی کۆنگرەی ئازادیی عێراقدا، کە هاوڕێ ساڵح هادی لە ساڵەکانی سەرەتای دامەزراندنییەوە پەیوەندی پیانەوە کرد، لە ساڵی ٢٠٠٧دا وەک ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی هەڵبژێردرا و دواتر بوو بە سکرتێری ئەنجوومەنی ناوەندی .لە کۆتایی هەمان ساڵدا، پەیوەندی بە ڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقەوە کرد و خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆی لە ناو حیزبدا درێژە پێدا.

هاوڕێ ساڵح هادی بەردەوام بوو لەسەر تێکۆشانی لە ڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراقدا و یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری، کە لە کۆنگرەی یەکەمی ئەو ڕێکخراوەدا، کە لە ساڵی ٢٠٢٤ لە بەغدا بەڕێوەچوو، وەک ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی هەڵبژێردرا.

هاوڕێ ساڵح هادی ساڵانی زۆری تەمەنی خۆی بۆ بەرگریکردن لە ئازادی و یەکسانی تەرخان کردبوو .ئەو بە دڵسۆزی و بەردەوامی لە خەبات، ڕۆحی هاوڕێیەتیی بەرز و پێداگری لەسەر پرەنسیپەکانی خۆی ناسراو بوو.

گیان لەدەستدانی هاوڕێ ساڵح هادی، زیانێکی قورس و ئازاربەخشە بۆ حیزب، بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانە، بۆ کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری، هەروەها بۆ هەموو هاوڕێیان، دۆستان و خۆشەویستانی .بەڵام دڵنەواییی ئێمە ئەوەیە کە میراتی خەباتگێڕانەی درێژەی دەبێت و یاد و بیرەوەرییەکانی هەمیشە لە ڕێگای خەباتمان بۆ ئازادی و یەکسانیدا بەزیندوویی و درەوشاوە دەمێنێتەوە.

بە بۆنەی ئەم لەدەستدانەوە، گەرموگوڕترین سەرەخۆشی و هاودەردیی خۆمان پێشکەش دەکەین بە:

خێزان و کەسوکاری هاوڕێ ساڵح هادی هەموو هاوڕێیانی لەناو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، کۆنگرەی ئازادی و گۆڕانکاری و یەکێتیی عەرەبیی ئەلیکترۆنی. دۆستان و خۆشەویستانی و هەموو ئەو کەسانەی دەیانناسی و هاورێ و هاوخەباتی بوون و وەکو مرۆڤێکی ڕەوشتی بەرز و خاوەن پرەنسیپ ناسیویانە.

**بژی یادی هاوڕێ ساڵح هادی {ئەبو هەببە} !**